دواڕۆژ
دووهەفتەنامەیەکی سیاسیی گشتییە، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دەریدەکات
٢٠٢٦/٦/٢ - ١٢ی جۆزەردانی ١٤٠٥ هەتاوی، ساڵی دەیەم، ژمارەی ١٤٩

dwaroj.net

## سەروتار

# ئێرانی دوای ڕەشەمە؛ گۆڕانکاریی ستراتیژی و داڕمانی ئابووری

عەزیز ئاجیکەند

لێکۆڵینەوە لە دۆخی ئێران لە دوای گرژی و پێکدادانە سەربازییەکانی ئەم دواییانە کە لە ئەدەبیاتی میدیایی و شیکاریدا بە «ئێرانی دوای ڕەشەمەی ساڵی ١٤٠٤ی هەتاوی» ناوزەد دەکرێت، نیشاندەری گۆڕانکاری گەلێکی قووڵە لە بواری ئابووری، کۆمەڵایەتی و ستراتیژییەکانی ئەو وڵاتەدا. ئەم قۆناغە دەکرێت بە یەکێک لە ناسکترین و لە هەمان کاتدا یەکلاکەرەوەترین قۆناغەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێران ئەژمار بکرێت. لە قۆناغی ئێستادا لەگەڵ چوار تەوەرەی سەرەکی ڕووبەڕووین کە بە کورتی دەتوانین بەم شێوەیە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەین:

دۆخی ئابووری

قەیرانی بژێوی و ژێرخانی ئابووریی ئێران کە پێش پێکدادانەکانیش لەژێر گوشارێکی تونددا بوو، لە دوای ئەو زیانانەی بەهۆی شەڕ و پەککەوتنی شاڕەگەکانی وزە و پەیوەندییەکانەوە پێی گەیشتووە، ڕووبەڕووی داڕمانێکی بێوێنە بووەتەوە. قووڵبوونەوەی هەژاری و هەڵاوسانی شاڕەگی کۆمەڵگای تەنیوە؛ بەرزبوونەوەی ڕوو لە خێرایی نرخی کاڵا سەرەکییەکان و ناجێگیریی بەردەوامی نرخی دراو، هێزی کڕینی دانیشتووانی بە تەواوەتی دابەزاندووە. ژمارەی دانیشتووانی ژێر هێڵی هەژاری گەیشتووەتە ئاستێکی سەرسوڕهێنەر و باس لە ڕێژەیەکی ٢٦ ملیۆن کەسی دەکرێت. هێرش و پێکدادانەکان لە ناوچەکانی وەک کەنداوی فارس و گەرووی هورمز، زیانێکی زۆری بە هەناردەکردنی نەوت و کاڵا گەیاندووە و نرخی جیهانیی وزە دوای ئەم شەڕە تووشی ناجێگیری بووە.

...بۆ ل ٢

# چەپی کوردستانی دژ بە ڕاستی ئێرانیی



پەرویز ڕەحیمزادە

مێژووی نەتەوەکان پڕن لەو مێژووی نەتەوەکان پڕن لەو ئەزموونانەی کە داگیرکەران لە نێو وڵاتەکانی ژێر دەستەی خۆیان، دەست و پێوەندی خۆیان پێکهێناوە بۆ ئەوەی خەباتی خەڵکی ئەو وڵاتە بە لاڕێدا ببەن. بۆ وێنە توندڕەوترین باڵەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی، پیلانی بەرەی ڕیفۆرمخواز "جبهە اصلاحات" یان داڕشت بۆ دوو مەبەستی سەرەکی، یەکەم ڕژیمی ئێران لە سەردەمێکی قەیراناوی لە پێوەندیە دەرەکیەکانی خۆیدا بوو کە پێویستی دەکرد لایەنێکی هێورتر بهێنێتە سەرکار بۆ چارەسەری ئەو قەیرانە دەرەکیەو تا ڕادەیەکیش تێیدا سەرکەوت، دووهەمیش کۆمەڵگای ئێران کە لە نێو نارەزایەتیەکی بەریندا دەکوڵاو ئەگەری ڕاپەڕینێکی کۆمەڵایەتی، بە هۆی خواستی بەرینی جەماوەری چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگا بۆ ئازادی لە ئارادا بوو، ڕەوتی ڕیفۆرم مەجالێکی هەناسەکێشانی دا بۆ ئەوەی نەکا ئەم تووڕەییە پەنگخواردووە بتەقێتەوەو شۆڕشێکی لێ بکەوێتەوە، کە لەو پیلانەشدا سەرکەوت

...بۆ ل٥

# پەیامی پیرۆزبایی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بەبۆنەی ٥١ یەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

**بەڕێز بافڵ جەلال تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان!**

هەڤاڵانی هێژا لە سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان!

ئەندامان و پێشمەرگە و دڵسۆزانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان!

بە بۆنەی یادی پەنجا و یەکەمین ساڵی دامەزرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان گەرمترین پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی سەرکردایەتی، ئەندامان، پێشمەرگەکان و هەموو لایەنگرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکات.

...بۆ ل ٢

## ڕەزا کەعبی:

# پێویستە گوێبیستی ڕەخنەکان بین و هەوڵ بدەین بیکەینە بنەمایەک بۆ چاکسازی لە سیاست و کاری حیزبی



**هاوڕێ ڕەزا کەعبی سکرتێری گشتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە درێژەی کار و چالاکییەکانیدا وتوێژێکی لەگەڵ گۆڤاری تیشک ئەنجام داوە، لە ژمارەی پێشووی دواڕۆژ بەشی یەکەمی ئەم وتوێژە بڵاوکرایەوە و لەم ژمارەیەدا بەشی دووەمی دەخرێتە بەر دیدەی خوێنەرانی دواڕۆژ.**

ڕەزا کەعبی: لە ڕوانگەی ئێمەوە هەندێک ڕێگر هەن کە ئاماژە بە سەرەکیترینەکانیان دەکەم: دروستبوونی جۆرێک لە جەمسەربەندی و پۆلاریزاسیۆن لە ناو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا، کاریگەریی نەرێنیی لەسەر پرسی یەکگرتوویی هەبووە. جەمسەرەکان و لە ئاستێکی خوارووتردا لایەنەکان، نەک هەر لەبەر جیاوازیی ڕوانین، بەڵکوو لە ئیدعایان بۆ باڵادەستی لە هەژموونیی شەقامی ڕۆژهەڵاتدا تووشی جۆرێک لە ململانێ و ئاستێک لە بیرکردنەوە لە ڕادەی پێویستبوونی هاوکاری دەکەنەوە، کە لە قازانجی یەکگرتوویی و هاوکاری نابێت. لە ڕاستیدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ خەباتەکە پێویستی بە هەموو هێزی خۆی و هەموو چالاکان و خەباتکارانی هەیە؛ تەنانەت لە حاڵەتێکدا کە لایەن یان جەمسەرێک بزانێت لە کوردستان باڵادەستە، نابێت خۆی لە هاوکاری و یەکگرتوویی کە ویستی نەتەوەی کورد و پێویستیی خەباتی کوردستانە، بپارێزێت. هاوکات هەندێک پەیوەندیی هەرێمی هەن کە کاریگەریی نەباشیان لەسەر هاوکاری و یەکگرتوویی هەبووە، کە ئەمیش دیسان دەچێتە خانەی جەمسەربەندییەکانەوە.

لە بەشی دەرفەتەکاندا و ئایا هێشتا دەکرێت یەکگرتووییەک ساز بکرێت، پێم وایە هاوکات لەگەڵ ئەوەی پێویستییەکە لەبەر دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لە ئاستێکی بەرزتردا هەیە، دەرفەتەکەش لە دەست نەچووە و هەیە. لە لایەک بزووتنەوەی کوردستان و خەڵک

...بۆ ل٨

دریژەی سەروتار

## دۆخی کۆمەڵایەتی و کەشی ناوخۆیی

بەهۆی پچڕانی ئینتەرنێتەوە وەک یەکێک لە ژێرخانە ئابوورییەکان، سەدان هەزار هەلی کار لەناو چوون. ئەمڕۆ ئینتەرنێت لە دەستی دەسەڵاتدا بووەتە ئامرازێک بۆ جیاکاریی کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵی سیاسی. دەرئەنجامی ئەم ڕەوتە، بێبەشکردن و سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتنی بەشێکی گەورەی کۆمەڵگایە بە هەواڵ و زانیاریی دروست. دەسەڵاتدارانی ئێران هەرجارە و بەبیانووی بارودۆخی قەیراناوییەوە دەست دەکەن بە بڕینی پێوەندییەکان. ئەم دۆخە، ئینتەرنێتی لە ژێرخانێکی گشتییەوە گۆڕیوە بۆ ئامرازێکی هەمیشەیی بۆ کۆنترۆڵکردنی ژیانی دانیشتووانی کۆمەڵگا.

دەرهاویشتەی سنووردارکردنی ئینتەرنێت تەنیا ئابووری نییە؛ لە قۆناغەکانی نارەزایەتی و ئاڵۆزییە سیاسییەکاندا، بڕینی پێوەندییەکان ڕۆڵێکی گرنگی لە سەرکوتدا گێڕاوە. کاتێک دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت پەک دەخرێت، دەرفەتی بڵاوکردنەوەی هەواڵ، وێنە و گێڕانەوە سەربەخۆکانیش لەناو دەچێت.

لە وەها کەشێکدا، دەستبەسەرکردنەکان، توندوتیژییە سەرشەقامەکان و لەسێدارەدانەکان لە بێدەنگیی میدیاییدا ڕوو دەدەن و کۆمەڵگا لە دەستڕاگەیشتن بە زانیاریيە سەربەخۆکان بێبەش دەکرێت. لە ساڵانی دواییدا، ئەزموونی ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکان نیشانی داوە کە هەر شەپۆلێکی نوێی سەرکوت، هاوکات بووە لەگەڵ بڕین یان سنووردارکردنی توندی ئینتەرنێت.

زاڵکردنی کەشوهەوای تۆقێنەر و سەرکوت و شەپۆلی دەستبەسەرکردن و کوشتنی بەندکراوان لە زیندان و گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا، بابەتێکی تازە نییە. لە سەرەتای دەسپێکی شەڕەوە شەپۆلی دەستبەسەرکردنی بەڕین لە شارەکانی ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان لەلایەن هێزە ئەمنی و ئیتلاعاتییەکانی سوپای پاسدارانەوە بە بیانووی بێبنەما لەوانە: تەبلیغ دژبە نیزام، کۆبوونەوە و هاوکاری لەگەڵ حیزبە کوردییەکان و دەوڵەتانی ناوچەکە ئەنجام دراوە. ڕەشبگیریی بەڕین و لەسێدارەدانی بەندکراوانی سیاسی بەشێک لە ستراتیژی سەرکوتی بەڕینی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامییە بۆ زامنکردنی مانەوەی دەسەڵاتەکەی. دەستبەسەرکردنی بەربڵاوی چالاکانی سیاسی لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە بەدەر لە ماهییەتی سەرکوتگەرانە، دەرخەری ئەوەیە کە هێزە ئەمنییەکان لە چالاکیی کۆمەڵایەتی، لە خۆڕێکخستنی هاووڵاتییان، لەوان و چالاکانی بوارە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان و ئێران یەکجار دەترسێن. لە ڕابردووشدا، بەتایبەت لە قۆناغگەلێکدا کە سیاسەتی کۆنەپەرستانەی لە ئاستی جیهان و ناوچەکەدا بەرەوڕووی شکست و بنبەست بووەتەوە، دەستی کردووە بە پەرەپێدانی زەبروزەنگ و بە هۆکاری بێبنەما و بەشێوەی بەڕین، هاووڵاتییانی دەستبەسەر کردووە.

### گۆڕینی ستراتیژی سەربازی؛ لە «شەڕی سێبەر»ەوە بۆ «شەڕی ڕاستەوخۆ»

شەڕی ڕاستەوخۆی نێوان ئێران و ئیسرائیل و دواتریش ئەمریکا، وەرچەرخانێکی مێژوویی بەخۆیەوە بینی. ئەم شەڕە بە کردەوە بووە هۆی دارشتنەوەی کایەی ئەمنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گۆڕانکاریی قووڵی لە بیروباوەڕی سەربازیی ئێراندا دروست کرد. ئەم شەڕە ڕاستەوخۆیە چەندین ڕاستی نوێی سەپاند کە نیشانی دا ستراتیژی پێشووی ئێران (کە لەسەر بنەمای شەڕی وەکالەتدار و دوورەپەرێزی دامەزرابوو) چیتر بە تەنیا بەس نییە. بۆ ماوەی چەندین دەیە، ستراتیژی ئێران دوورکەوتنەوە بوو لە شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیل. بەڵام دوای هێرشە ڕاستەوخۆکانی نێوانیان، ئەم هێڵە سوورە شکا و یاسای نوێی هێنایە کایەوە. ئێران ستراتیژیەتی خۆی گۆڕی بۆ وەڵامدانەوەی ڕاستەوخۆ لە خاکی خۆیەوە بۆ ناو خاکی ئیسرائیل، لە کاتێکدا پێشتر لە ڕێگەی بریکارەکانیەوە (وەک حیزبوڵا یان حوسییەکان) وەڵامی دەدایەوە. ئێران لە هێرشەکانی ئیسرائیل و ئەمریکاوە تێگەیشت کە گەورەترین خاڵی لاوازی، نەبوونی هێزی ئاسمانیی پێشکەوتوو و سیستمی بەرگریی ئاسمانیی مۆدێرنە کە بتوانێت ڕووبەڕووی فڕۆکە جەنگییەکانی نەوەی پێنجەم ببێتەوە. بەڵام هیچکام لەم هەوڵانە نەیانتوانی یارمەتیی ئێران بدەن و لە هەموو مەیدانەکاندا ئەم ستراتیژییە نوێیە زەربەی قورسی لێکەوت.

### سیاسەتی دەرەوە و دیپلۆماسی

بەستەڵەکی گەورەی نێوان ئەمریکا و ئێران، نە بە دانوستان دەتوێتەوە و نە بە بزەی دیپلۆماسی. دروستبوونی گرژی و توندبوونی لێدوانەکان و هەڵکشانی سەرلەنوێی ململانێکان، دانیشتنەکان یەک لەدوای یەک هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە مەودای داخوازییەکانیان ئێجگار لە یەک دوورن. دارشتنەوە و گۆڕینی بینای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک مەیلێکی سەرەکیی ئەمریکا و ئیسرائیل، شتێک نییە بە بزەی دیپلۆماسی چارەسەر بێت. ئەمریکا و هاوپەیمانانی، دەوڵەتانی سەرپێچ و ئاژاوەگێڕیان ناوێت. هەتا ئێرە ئێران باش لێی حاڵی بووە و دەشزانێت دەبێت ملکەچی ئەو خواستانە بێت کە ئەمریکا مەبەستیەتی.

جموجۆڵە سەربازییەکانی ئەمریکا لە کەنداو جدین و پەیامی ڕوونیان بۆ ئێران هەیە. داخستنی گەرووی هورمز جێگای پەسەند نییە و ڕێکنەکەوتن لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی کۆشکی سپی تووڕە کردووە و ترامپیش ئەوەی ناوێت. ئەمریکا دەیهەوێت بەرنامە ناوەکییەکەی ئێران لە زووترین کاتدا ڕادەستی ئەمریکا بکرێت، پرۆژەی بەرهەمهێنانی مووشەکی دوورهاوێژ ڕابگرێت و دەست لە پشتگیریی گرووپە توندئاژۆکانی نەیاری ئەمریکا و ئیسرائیل لە ناوچەکە هەڵبگرێت. مەرجەکان و خواستەکانی ئەمریکا ڕوونن؛ ئەگەر ئێران ئەم خاڵانە جێبەجێ نەکات، لەوانەیە گەمارۆکان ڕوو لە زیادبوون بکەن و جارێکی تر هێرشەکان دەست پێ بکەنەوە.

لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی لەپێناو ڕزگارکردنی خۆیدا دانوستان دەکات، نەک بە مەبەستی ڕزگارکردنی خەڵک و کۆمەڵگای ئێران. ئەوان خوازیارن بە سەرئێشەیەکی کەمەوە ئەم قۆناغە بێ دەردەسەر و بە خەسارێکی کەمەوە تێپەڕێنن. پاشەکشەی ڕژێم بە مانای نۆشینی دووەمین «جامی ژەهر»ە لە مێژووی دەسەڵاتە ڕەشەکەیاندا.

# پەیامی پیرۆزبایی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بەبۆنەی ٥١ یەمینساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

**بەڕێز بافڵ جەلال تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان!**
**هەڤاڵانی هێژا لە سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان!**
**ئەندامان و پێشمەرگە و دڵسۆزانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان!**

بە بۆنەی یادی پەنجا و یەکەمین ساڵی دامەزرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان گەرمترین پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی سەرکردایەتی، ئەندامان، پێشمەرگەکان و هەموو لایەنگرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکات.

پەیوەندیی نێوان کۆمەڵە و یەکیەتی، پەیوەندییەکی مێژووییە کە لەسەر بنەمای ساڵانێک خەباتی هاوبەش بۆ ڕزگاریی کوردستان و بەرگری لە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد درووست بووە. هەروەها هەردوو لایەن لە زۆرێک لە بەها و ئامانجە چەپ و پێشکەوتنخوازەکاندا هاوبەشن و لە مێژووی خۆیاندا بەرگرییان لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، مافەکانی خەڵکی چەوساوە، ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان و دیموکراسی کردووە. ئەم هاوبەشییە فکری و سیاسییە یەکێک بووە لە هۆکارەکانی پتەوی پەیوەندیی نێوان هەردوو لایەن.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان هەرێمی کوردستان بە یەکێک لە گرینگترین دەسکەوتە مێژوویی و نەتەوەییەکانی خەڵکی کورد دادەنێت. پاراستن و بەهێزکردنی ئەم دەسکەوتە بەرپرسیارییەکی هاوبەشی هەموو هێز و لایەنە کوردستانییەکانە. هەر بۆیە کۆمەڵە لە ماوەی ڕابردوودا هەمیشە هەوڵیداوە لە پێناوی پاراستنی هەرێم و دامودەزگا دەستورییەکانی، هاوکار و هاوپشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هەموو خەڵکی کوردستان لە باشووری وڵات بێت و ئەم هەڵوێستەی بە بەشێک لە بەرپرسیاریی نیشتمانیی خۆی زانیوە.

ئەمڕۆ، لەگەڵ ئەو گۆڕانکاری و ئاڵۆزییانەی ناوچەکە و، ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە کوردستان و دەسکەوتەکانی دەخەنە بەردەم تاقیکردنەوە، پێویستیی کورد بە یەکگرتوویی، هاوئاهەنگی و گفتوگۆی بەرپرسانە لە هەر کاتێکی تر زیاترە. پاراستنی دەسکەوتەکانی نەتەوەی کورد، بەهێزکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان و پێشخستنی دۆزی ڕەوای کورد لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا، پێویستی بە هەوڵ و کارکردنی هاوبەشی هەموو هێزە سیاسییەکان هەیە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەور و نەخش و ئەرکێکی گرینگ و تایبەتی لەو بوارەدا هەیە.

جارێکی تر پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەین و هیواداریین ئەم بۆنەیە ببێتە هاندەرێکی نوێ بۆ پتەوکردنی ڕیزە نیشتمانییەکان، بەهێزکردنی هاوکاریی نێوان هێزە کوردستانییەکان و خزمەتکردنی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوە و نیشتمان.

**کومیتەی ناوەندی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان**
**١١ی جۆزەردانی ١٤٠٥ی هەتاوی**
**١ی حوزەیرانی ٢٠٢٦ی زایینی**

# بەکرێگیراوی فیکری و سیاسی؛
# ئەو برینە قووڵەی کە لە ڕۆژە سەختەکاندا جەستەی کوردستان لاواز دەکات

**وەنەوشە؛ سەقز**

خیانەت و نۆکەرایەتی لە مێژووی سیاسیی ئێمەدا زۆربەی کات لە وێنەی چەکدارێکی بەکرێگیراودا بینیومانە. بەڵام جۆرێکی شاراوەتر و وێرانکەرتر لەم دیاردەیە هەیە کە پێی دەگوترێت «جاشایەتیی فیکری». ئەم دۆخە نگریسە کاتێک سەرهەڵدەدات کە تاکی کورد، دەبێتە پاساوهێنەر بۆ گوتار و سیاسەتە چەوسێنەرەکانی داگیرکەر. ئەمە برینێکی ژەهراوییە کە لە کاتە هەستیارەکاندا متمانەی نەتەوەیی لەناو دەبات. جاشایەتیی فیکری ڕادەستکردنی مێشک و هۆشی مرۆڤە بەو هێزەی کە دەیەوێت بوون و مێژووی ئێمە بپووکێنێتەوە. ئەم دیاردەیە لە هەوڵی ئەوەدایە کە ئیرادەی نەتەوەیی لە ناوەوە تێک بشکێنێت و مرۆڤی کورد تووشی گومان بکات.

شەڕی نەرم و داگیرکاریی کلتووری، «خۆفرۆشی فیکری» کردووەتە ئامرازێکی هەرزان لە دەستی داگیرکەردا. کاتێک نووسەرێک یان چالاکوانێکی سیاسی، بۆ ئیمتیاز و کورسیی دەسەڵات، گوتاری داگیرکەر بە فێڵی زمانەوانی دەفرۆشێتەوە بە خەڵک، گەورەترین غەدر لە نیشتمان دەکات. ئەم جۆرە جاشایەتییە لەژێر ناوی بریقەداری وەک «واقیعبینی» یان «دیپلۆماسیی مۆدێرن» کار دەکات. مەبەستی سەرەکیی ئەم ڕەوتە، تێکشکاندنی متمانەی گەلە بە ڕەوایەتیی خەباتەکەی. ئەوان هەوڵ دەدەن بێئومێدی لەناو کۆمەڵگەدا بچێنن و داگیرکاری وەک چارەنووسێکی حەتمی نیشان بدەن.

مەترسیی گەورەی ئەم برینە دروستبوونی دوژمنی ناوخۆییە. ئەو کەسانەی تووشی ئەم دارمانە ئەخلاقییە دەبن، لە هەموو بەها نەتەوەییەکان دادەماڵرێن. ئەوان دەبنە پردێک بۆ پەڕینەوەی پیلانەکانی دوژمن. لە جیاتی ئەوەی ببنە زمانی ڕاستەقینەی گەلەکەیان، دەبنە وەرگێڕی داخوازییەکانی بێگانە. ئەم دۆخە دەبێتە هۆی دروستبوونی دووبەرەکی و بێمتمانەیی. جیاکردنەوەی دۆست و دوژمن بۆ خەڵکی سادە دژوار دەبێت. یەکڕیزیی نەتەوەیی لێرەوە درزی تێدەکەوێت و وزەی کۆمەڵگە لە ململانێی ناوخۆییدا بە فیڕۆ دەچێت. ئەم دارمانە فیکرییە کاریگەرییەکەی لە هێرشێکی سەربازیی ڕاستەوخۆ مەترسیدارترە.

چارەسەرکردنی ئەم برینە پێویستی بە وشیارییەکی فیکری و سیاسیی بەردەوام هەیە. بەرژەوەندیی حیزبی و شەخسی نابێت ببێتە پاساو بۆ بازرگانیکردن بە شکۆی نەتەوەیی. تاکی کورد دەبێت ئەوەندە چاوکراوە بێت کە تەڵە فیکرییەکانی داگیرکەر بناسێتەوە. ڕێگە نادەین کەسانێک بە ناوی شیکار و ڕۆژنامەگەرییەوە ببنە پارێزەری بەرژەوەندیی داگیرکەران. ڕزگاربوون لە جاشایەتیی فیکری، هەنگاوی یەکەمە بەرەو سەرکەوتنی سیاسی. نەتەوەیەک کە خاوەن ئیرادەیەکی سەربەخۆ و فکرێکی وشیار بێت، هیچ هێزێکی دەرەکی ناتوانێت بڕیارەکانی بەسەردا بسەپێنێت. پاراستنی ئەم ئیرادەیە، کلیلی تێپەڕینە لەم قۆناغە دژوارەی مێژوومان.

# بزووتنەوەی چەپ لە کوردستان: نێوان دابەشبوون، گۆڕانکاری و داخوازییە نوێیەکان



**ماجید عەبدووڵلازادە**

لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا، کوردستان بەهۆی دابەشبوونی سیاسی و جوگرافییەوە بووەتە ناوچەیەکی تایبەت کە تێیدا ڕەوتە سیاسییە جیاوازەکان لە بارودۆخێکی ئاڵۆزدا پەرەیان سەندووە. ئەم دابەشبوونە نەک هەر کاریگەریی لەسەر سنوور و دەسەڵات هەبووە، بگرە شوێنەوارێکی قووڵی لەسەر دروستبوونی ناسنامەی سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتیی گەلی کوردستانیش جێهێشتووە. لەنێو ئەم بارودۆخەدا، بزووتنەوەی چەپ وەک یەکێک لە گرنگترین ڕەوتە سیاسییەکان، هەمیشە هەوڵی داوە بۆ چەسپاندنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، یەکسانی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ. بەڵام گۆڕانکارییە نوێیەکان، بەتایبەتی گەشەی ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی و سەلەفی، ئەم بزووتنەوەیەیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ و تاقیکردنەوەی نوێ کردووەتەوە.

دابەشبوونی کوردستان بە چوار پارچە، وای کردووە هەر بەشێک لەژێر سیستەمێکی سیاسیی جیاوازدا بژین، کە ئەمەش ئەزموونی سیاسیی جیاوازی دروست کردووە و بووەتە هۆی ئەوەی بیرکردنەوەی سیاسی بە شێوەیەکی ناهاوسەنگ گەشە بکات. بۆ نموونە، لە هەندێک ناوچەدا سەرکوتی سیاسی توندترە و لە هەندێکی تریشدا بوارێکی کراوەتر بۆ چالاکیی سیاسی هەیە؛ ئەم جیاوازییانە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر شێوازی کارکردنی بزووتنەوەی چەپ هەبووە. هاوکات لە چەند ساڵی ڕابردوودا، گەشەی ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی و هەندێک جار ڕەوتە سەلەفییەکان، بووەتە دیاردەیەکی دیار. ئەم گەشەیە نەک هەر بەهۆی کێشە ئابوورییەکان و هەژارییەوەیە، بگرە نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و هەستکردن بە بێدەسەڵاتی، وای کردووە ئەم ڕەوتانە بتوانن بە پێشکەشکردنی وەڵامە سادەکان بۆ کێشە ئاڵۆزەکان، بەشێک لە خەڵک بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، کە ئەمەش مەترسیی تێکچوونی هاوسەنگیی بیر و ڕەوتە جیاوازەکان لەناو کۆمەڵگەدا دروست دەکات.

بۆ ئەوەی بزووتنەوەی چەپ بتوانێت لەم بارودۆخەدا پێگەی خۆی بپارێزێت و کاریگەر بێت، پێویستە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە گوتاری سیاسیی خۆیدا بکات. پێویستە پەیامەکانی سادە و تێگەیشتوو بن، گرنگی بە کێشە ڕاستەقینەکانی خەڵک بدات و چارەسەری ڕوون پێشکەش بکات. چەپ پێش ئەوەی تەنیا لەناو کتێب و تیۆریدا بمێنێتەوە، دەبێت ببێتە بەشێکی زیندوو لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک. لە گۆڕەپانێکی سیاسیی فرەجۆردا، جێگیرکردنی بنەماکانی دیموکراسی وەک ڕێزگرتن لە جیاوازییە فیکرییەکان، قبووڵکردنی دیالۆگ و بەهێزکردنی دامەزراوە مەدەنییەکان، گرنگترین هەنگاوە. هەرچەندە ڕەخنە لە ڕەوتەکانی تر پێویستە، بەڵام کاریگەریی درێژخایەن تەنیا لە ڕێگەی قەناعەتپێکردن و کارکردنی هۆشیارانە بەدەست دێت، نەک لە ڕێگەی فشار و سەرکوت.



بزووتنەوەی چەپ دەتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر کار لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بکات، ئەوەش لە ڕێگەی پەروەردە، بڵاوکردنەوەی کولتووری ڕەخنەیی و پشتگیریکردن لە ئازادییە تاکەکەسییەکان. ئەم هەوڵانە مەرجی سەرەکین بۆ گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینە. یەکێکی تر لە گەورەترین ئاستەنگەکانی بەردەم ئەم بزووتنەوەیە، دابەشبوونی ناوخۆییە؛ زۆرجار جیاوازییە بچووکەکان بوونەتە هۆی دوورکەوتنەوەی هێزەکان لە یەکتر، بۆیە پێویستە هەوڵی یەکگرتوویی بدرێت و گرنگی بە خاڵە هاوبەشەکان بدرێت نەک جیاوازییەکان.

کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی فرەڕەهەندە و ئایین و نەریت تێیدا ڕۆڵی گرنگیان هەیە. بۆیە بزووتنەوەی چەپ پێویستە ڕێز لە باوەڕی خەڵک بگرێت، لە شێوازی دەربڕیندا ورد بێت و هەوڵ بدات پەیوەندییەکی نزیک و ئۆرگانی لەگەڵ جەماوەر دروست بکات. لە کۆتاییدا، داهاتووی بزووتنەوەی چەپ لە کوردستان بەستراوەتەوە بە توانای تێگەیشتن لە گۆڕانکارییە نوێیەکان و وەڵامدانەوەی گونجاو بۆ داخوازییەکانی خەڵک. لە جیهانێکدا کە بەخێرایی دەگۆڕێت، تەنیا ئەو ڕەوتانە دەتوانن بەردەوام بن کە خۆیان نوێ دەکەنەوە. بزووتنەوەی چەپ ئەگەر بتوانێت گوتارەکەی نوێ بکاتەوە، لەسەر بنەمای دیموکراسی کار بکات و لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک نزیک ببێتەوە، دەتوانێت جارێکی تر ببێتە هێزێکی کاریگەر لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا.

# ستراتیژیی ترس و دەرهاوێشتە دەروونی-سیاسییەکانی لەسێدارەدانی سیستماتیک لە ئێراندا:
## لە دابڕانی ڕەوشتییەوە بۆ نامۆبوونی کۆمەڵایەتی



ئاسۆ ساعێدی



بەرکۆ
شەپۆلی لەسێدارەدانەکان لە ئێراندا، نەک تەنها سزایەکی یاسایی، بەڵکوو ستراتیژیەکی سیاسیی داپڵۆسێنەرە کە ئامانجی سەرەکیی پاراستنی قەوارەی دەسەڵات لە ڕێگەی ئەندازیاریکردنی ترس و تیرۆری دەروونیی کۆمەڵگەدایە. لە ژینگەی سیاسیی هاوچەرخی ئێراندا-بەتایبەت لە دوای ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی ساڵانی ڕابردوو و بازدانی گوتاریی شۆڕشی (ژن، ژیان، ئازادی)-سیستمی زاڵ لەسێدارەدانی وەک چەکێکی سیاسیی ستراتیژی دژ بە ئیرادەی گۆڕانکاریخوازی کۆمەڵگە بەکارهێناوە. ئەم دۆخە وا دەخوازێت کە چاو لە بێلایەنییەکی تیۆریی دەستکرد بپۆشرێت و دیاردەکە لە ناو جەرگەی ململانێی سیاسی و هاوکێشەی «دەسەڵاتی سەرکوتکار و شەقامی ڕاپەڕیو»دا شیبکرێتەوە؛ بە جۆرێک کە ڕەهەندە دەروونییەکانی ئەم سەرکوتکارییە، وەک بەشێک لە مەکینەی چالاکی ڕژێم بە مەبەستی مانەوەی سیاسیی دەسەڵات تیشکی بخرێتەسەر.

لەم دواییانەدا، جۆری ئەو تۆمەتانەی کە دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا بۆ سەپاندنی سزای لەسێدارەدان بەکاریان دەهێنێت، گۆڕانکارییەکی گوتاریی قووڵ و بونیادیی بەسەردا هاتووە. تێپەڕبوون لە چەمکە کلاسیکی و فیقهییەکانی وەک «موحاربە» بەرەو چڕکردنەوەی تۆمەتی «سیخوڕی بۆ ئیسرائیل» یان هاوکاری لەگەڵ دەزگا هەواڵگرییە دەرەکییەکان، تەنیا گۆڕینی دەستەواژەیەکی یاسایی نییە، بەڵکوو گواستنەوەیە بەرەو ستراتیژییەکی قووڵتر کە لە زانستی سیاسیدا بە «ئاسایشیکردنی سەرکوت (Securitization of Repression)» دەناسرێت. کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی ئەم گۆڕانکارییەوە،

> **بۆ تێگەیشتن لە ڕەهەندە قووڵەکانی واقیعی ئێستای ئێران، پێویستە سەرەتا سەرنج لەو تێپەڕبوونە مێژوویی و گوتارییە بدرێت کە سیستمی حوکمرانی لە جۆری سزاداندا ئەنجامی داوە. لە دەیەکانی ڕابردوودا، لانی کەم تا پێش سەرهەڵدانی شەپۆلە نوێیەکانی نارەزایەتی، کۆماری ئیسلامی بۆ ڕەواییدان بە لەسێدارەدانەکان، چەکێکی سەرەکیی بەکاردەهێنا کە ئەویش شەرعیەتی ئایینی و فێقهی بوو. تۆمەتەکانی وەك «دژایەتیکردنی خودا» و «گەندەڵکاری سەر زەوی» وەك چەمکێکی پیرۆز و ڕەها وێنا دەکران. کێشەی ئەم جۆرە تۆمەتانە بۆ دەسەلات لە ئێستادا ئەوەیە کە بەهۆی کاڵبوونەوەی پێگەی ئایدۆلۆژیا لە ناو جەستەی کۆمەڵگەدا، چیتر ناتوانن شۆك یان ترسی پێویست لە ناو کایەی گشتیدا بەرهەم بهێنن؛**

دۆخێکی نائاسایی و هاوشێوەی جەنگ لە کایەی گشتیدا بەرهەم دەهێنێت، کە تێیدا توندوتیژیی حکوومەتی لە کردەوەیەکی سەرکوتکاریی سادەوە دەگۆڕێت بۆ پێویستییەکی حەتمی بە مەبەستی مانەوە و پاراستنی دەسەڵات. ئەم مۆدێلە هاوچەرخەی بەرهەمهێنانی ترس، ئامانجی یەکەمی کارکردنە لەسەر «پێکهاتەی ناسینی (Cognitive Structure)» کۆمەڵگە. کاتێک نارازیی یان چالاکوانی نەتەوەیی لە ڕێگەی گوتاری میدیایی و فیلمی دانپێدانی زۆرەملێوە وەک «خائین بە ئاسایشی نیشتمانی» وێنا دەکرێت، پرۆسەیەکی دەروونی لە هزری هاوڵاتیاندا کارا دەبێت کە ئەلبرت باندۆرا بە «دابڕانی ڕەوشتی (Moral Disengagement)» ناوی دەبات. لەم دۆخەدا، تاکی کۆمەڵگە بۆ ڕزگاربوون لە فشاری دەروونی و ترسی دەسەڵات، پێوەرە ئەخلاقییەکانی خۆی بۆ هاوسۆزی سڕ دەکات. بێدەنگیی بەکۆمەڵ بەرانبەر لەسێدارەدانەکان چیتر وەک کشانەوەیەکی ترسنۆکانە نابینرێت، بەڵکوو لە ڕووی دەروونییەوە وەک چاوپۆشینێک بۆ پاراستنی ئاسایشی گشتی پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە. دەرئەنجامی درێژخایەنی ئەم سڕبوونە دەروونییە، تێکچوونی متمانەی نێوان هاوڵاتیان و سەرهەڵدانی قۆناغی «نامۆبوونی کۆمەڵایەتی»یە. کاتێک تۆمەتی سیخوڕی دەبێتە ئامرازی سەرەکیی سیستم، جۆرێک لە گومانی گشتی و «ئەتۆمیزەبوون (Atomization)» پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دادەپۆشێت کە تێیدا تاکەکان پاشەکشە بۆ ناو کایەی تایبەتی خۆیان دەکەن. ئەم بابەتە هەوڵ دەدات لە ڕوانگەی دەروونناسیی سیاسی و کۆمەڵناسیی توندوتیژییەوە، شیکاری بۆ ئەو میکانیزمانە بکات کە چۆن ئەم ستراتیژییە هێزی متمانە و هاوسۆزی لە جەستەی کۆمەڵگەی ئێراندا دەکوژێت.

### لە شەرعیەتی فیقهییەوە بۆ پارادۆکسی ئاسایش: گۆڕانی فۆرمی گوتاری سەرکوت

بۆ تێگەیشتن لە ڕەهەندە قووڵەکانی واقیعی ئێستای ئێران، پێویستە سەرەتا سەرنج لەو تێپەڕبوونە مێژوویی و گوتارییە بدرێت کە سیستمی حوکمرانی لە جۆری سزاداندا ئەنجامی داوە. لە دەیەکانی ڕابردوودا، لانی کەم تا پێش سەرهەڵدانی شەپۆلە نوێیەکانی نارەزایەتی، کۆماری ئیسلامی بۆ ڕەواییدان بە لەسێدارەدانەکان، چەکێکی سەرەکیی بەکاردەهێنا کە ئەویش شەرعیەتی ئایینی و فێقهی بوو. تۆمەتەکانی وەک «دژایەتیکردنی خودا» و «گەندەڵکاری سەر زەوی» وەک چەمکێکی پیرۆز و ڕەها وێنا دەکران. کێشەی ئەم جۆرە تۆمەتانە بۆ دەسەڵات لە ئێستادا ئەوەیە کە بەهۆی کاڵبوونەوەی پێگەی ئایدۆلۆژیا لە ناو جەستەی کۆمەڵگەدا، چیتر ناتوانن شۆک یان ترسی پێویست لە ناو کایەی گشتیدا بەرهەم بهێنن؛ بە پێچەوانەوە، زۆرجار قوربانی لە مێشکی خەڵکدا وەک «پاڵەوان» یان» قوربانیی بیروباوەڕ» وێنا دەکرا. لێرەوە، دەسەڵات بۆ نوژەنکردنەوەی ستراتیژیی ترسی خۆی، چەمکی «ئاسایشیکردنی سەرکوت» دەهێنێتە کایەوە. لەم مۆدێلە نوێیەدا، تۆمەتەکە لە کایەی دۆگمای ئایینییەوە دەگوازرێتەوە بۆ کایەی پاراستنی نیشتمان لە مەترسیی دەرەکی، بە تایبەتی تۆمەتی «سیخوڕی بۆ ئیسرائیل.» لە کاتێکدا پێشتر هاووڵاتی تەنیا ڕووبەڕووی سیستمێکی سیاسی دەبووەوە، ئێستا دەسەڵات وا دۆخەکە وێنا دەکات کە هاوڵاتیی نارازی ڕووبەڕووی «ئاسایشی نیشتمان و خاکی وڵات» دەبێتەوە.

...بۆ ل٦

# چەپی کوردستانی، سۆسیالیزم و ئیستراتژی نەتەوەیی...!
## چەپی کوردستانی دژ بە ڕاستی ئێرانیی



پەرویز ڕەحیمزادە

**بەشی چوارەم**

مێژووی نەتەوەکان پڕن لەو ئەزموونانەی کە داگیرکەران لە نێو وڵاتەکانی ژێر دەستەی خۆیان، دەست و پێوەندی خۆیان پێکهێناوە بۆ ئەوەی خەباتی خەڵکی ئەو وڵاتە بە لاڕێدا ببەن. بۆ وێنە توندڕەوترین باڵەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی، پیلانی بەرەی ڕێفۆرمخواز ”جبهە اصلاحات“ یان دارِشت بۆ دوو مەبەستی سەرەکی، یەکەم ڕژیمی ئێران لە سەردەمێکی قەیراناوی لە پێوەندیە دەرەکیەکانی خۆیدا بوو کە پێویستی دەکرد لایەنێکی هێورتر بهێنێتە سەرکار بۆ چارەسەری ئەو قەیرانە دەرەکیەو تا ڕادەیەکیش تێیدا سەرکەوت، دووهەمیش کۆمەڵگای ئێران کە لە نێو ناڕەزایەتیەکی بەریندا دەکوڵاو ئەگەری ڕاپەڕینێکی کۆمەڵایەتی، بە هۆی خواستی بەرینی جەماوەری چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگا بۆ ئازادی لە ئارادا بوو، ڕەوتی ڕێفۆرم مەجالێکی هەناسەکێشانی دا بۆ ئەوەی نەکا ئەم تووڕەییە پەنگخواردووە بتەقێتەوەو شۆڕشێکی لێ بکەوێتەوە، کە لەو پیلانەشدا سەرکەوت و توانی لە ماوەی هەشت ساڵدا بەشێک لە پۆتانسیەلی شۆڕشگێڕانە بکێشێنێتەوە نێو پڕۆژەی ئیسلاحات و بەمشێوە پاسیڤیان بکات.
هەر بەو جۆرەی لە کوردستانیش بەشێک لە چالاکانی سیاسی کوردی بۆ ساڵانێکی زۆر لەگەڵ فۆرمە گشتیەکەدا ڕێکخست کە گوایە هەر لە چوارچێوەی ئەم سیستەمەدا مەجالی گۆڕانکاری و چاکسازیەک هەیە. بۆیە ڕاستی ئێرانیی لە نێو کوردستانیشدا دەست و پێوەندی خۆی پەیدا کرد، ئەوانە ئەڵبەتە بەشێکی لە ناوخۆ بوون کە ساڵانێکی زۆری سەردەمی ڕێفۆرمخوازیی، حیزبەکانیان بەوە تاوانبار دەکرد لە دەبێ ئەم دەرفەتانە ببینن و کەڵکی لێوەر بگرن. لەم نێوەدا و لە دەرەوەی جوگرافیای ئێرانی داگیرکەریش دوو لایەنی کوردستانی یەکیان ح.د.ک بە جۆرێک لەگەڵ بەرەی ڕێفۆرمخوازانی کورد ڕێکەوت و یەکی دیکەشیان ک.ش.ز.ک.ئ ”بە وتەی خۆیان“ گەیشتە ئەو ئاستەی کە پێوەندی

**ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی پێش دوو هەزار ساڵ هەڵبدرێتەوە زۆر بە روونی هەموو ئەو ئارگۆمێنتانەمان بۆ دەردەکەوێ کە خەڵکی کوردستان لە سەردەمە کۆنەکاندا سەرەڕای ئەوەی بە زۆری شەڕو هێرش، ئائینی ئیسلامیان بەسەردا سەپاند. بەڵام هێشتا ئەم ئایدۆلۆژیە بۆی نەبوتە پێناسەیەک بۆ خۆ ناساندن. واتە کاتێک کوردێک خۆی پێناسە دەکات لە کوردبوونەوە دەڕوات بۆ ناساندنی خۆی کە چەند فاکتەرێکی گرینگ لە خۆدەگرێت لەوانە، کلتوور، زمان، هەڵسووکەوتی کۆمەڵایەتی، جوگرافیا و مێژوو. بەڵام ئەوەش حاشای لێ ناکرێت کە هەندێک لق و پۆی مەزهەبی لە نێو کوردستاندا بوونیان هەیەو حیزبی واش هەیە کە موسڵمان بوون و کوردبوون هاوتەریب دەکات یان بەشێکی تا ڕادەیەک توندئاژۆتر خۆیان یەکەم بە موسڵمانی پێڕەوی ئیسلام پێناسە دەکەن و دواتر کوردبوون، بەڵام لە وێنا گشتیەکەدا ئەوەی بە روونی و لە ڕەوتی خەباتی خەڵکی کورد دەبینرێت زۆرینەی جەماوەر پێناسەی کوردبوون دەخەنە پێش ئائینی بوون**

ڕاستەوخۆیان بە ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوزەوە گرت و بەمشێوە خۆی خزاندە نێو ئەو ئاڵقە ئێرانیە، کە ئێستاش و بە تایبەت لەم قۆناغی شۆڕشی ژینا سەرلەنوێ لە ڕێگەی شوورای هاوپشتی، گوتاری ”جۆرج تاون“یان کرد بە پردێک بۆ سەرلەنوێ دانەوەی بەڵێنە پێشووەکە بە مووسەوی و کوڕی کۆنە دیکتاتۆری پێشوو، کە ئێمە ئێستاکەش وەفادارین بە یەکپارچەیی سەرزەمینی و هێشتنەوەو درێژکردنەوەی سەرلەنوێی ستەم و داگیرکاریی.
ئەو بەرە کە لە کوردستاندا پێکهات و بەشێک لە چالاکانی سیاسی ناوخۆو بەشێک لە حیزبە کوردیەکانیشی گرتەوە لە ڕاستیدا لە بواری نەتەوەییدا گرێدراوی بەرەی ڕاستی ئێرانی و لە بواری چینایەتیش، بەرەی دژ بە چینی کرێکارو زەحمەتکێش و کۆمەڵانی بەرینی کوردستانە، کە پلانەکانیشی دژی بەرژەوەندیەکانی ئەوانە و ئێستا لەکەس شاراوە نیە ئەوان سەر بە بلووکی لیبراڵیزمی جیهانی و دژ بە هەموو بنەمایەکی چەپ و عەداڵتخوازانە دەجووڵێنەوە. بۆیە ئەو کەسایەتی و لایەنە کوردیانەی خۆیان خستە نێو ئەو پڕۆژەیە لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەیی و چینایەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان یەک ناگرنەوە، چوونکە لە هەردوو ڕووبەرەکەدا دەکەونە بەرەی ناتەبا لەگەڵ ئەو خواستە مێژووییە، واتە خواستی سەروەریی سیاسی بە مەبەستی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ و مافی یەکسانی و بەرابەریی.

چەپی کوردستانی و پرسی ئایین

هەڵکەوتەی جوگرافیایی کوردستان بە جۆرێکە جیا لەوەی لە ناوچەیەکی پڕ ئاڵۆزو کێشەدا دەژی، هاوکات هەر چوار وڵاتی داگیرکەری دەورووبەر سەر بە ئایینی ئیسلامن. ئەمە بارودۆخێکی بۆ خەڵکی کورد پێکهێناوە کە تا ڕادەیەک لە پرۆسەی مێژوویەکەیدا ناچاری بکات بە قبووڵکردنی ئەم دیاردە. بەڵام وەک دەبینرێت هەرکات و لە هەرکام لەو بەشانەدا کە بزووتنەوەی سیاسی کورد توانیبێتی دەسکەوتێک بەدەست بهێنێت بە زۆری لایەنی پێشکەوتنخوازانە بەسەر ئەزموونەکەیدا زاڵبووە ئەگەرچی بێ کەم و کۆڕیش نەبووە. بەڵام ئەوەی گرینگ و مایەی دڵخۆشیە کوردستان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەی ڕەوتێکی پێشکەوتنخوازە.



ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی پێش دوو هەزار ساڵ هەڵبدرێتەوە زۆر بە روونی هەموو ئەو ئارگۆمێنتانەمان بۆ دەردەکەوێ کە خەڵکی کوردستان لە سەردەمە کۆنەکاندا سەرەڕای ئەوەی بە زۆری شەڕو هێرش، ئائینی ئیسلامیان بەسەردا سەپاند، بەڵام هێشتا ئەم ئایدۆلۆژیە بۆی نەبوتە پێناسەیەک بۆ خۆ ناساندن. واتە کاتێک کوردێک خۆی پێناسە دەکات لە کوردبوونەوە دەڕوات بۆ ناساندنی خۆی کە چەند فاکتەرێکی گرینگ لە خۆدەگرێت لەوانە، کلتوور، زمان، هەڵسووکەوتی کۆمەڵایەتی، جوگرافیا و مێژوو. بەڵام ئەوەش حاشای لێ ناکرێت کە هەندێک لق و پۆی مەزهەبی لە نێو کوردستاندا بوونیان هەیەو حیزبی واش هەیە کە موسڵمان بوون و کوردبوون هاوتەریب دەکات یان بەشێکی تا ڕادەیەک توندئاژۆتر خۆیان یەکەم بە موسڵمانی پێڕەوی ئیسلام پێناسە دەکەن و دواتر کوردبوون، بەڵام لە وێنا گشتیەکەدا ئەوەی بە روونی و لە ڕەوتی خەباتی خەڵکی کورد دەبینرێت زۆرینەی جەماوەر پێناسەی کوردبوون دەخەنە پێش ئائینی بوون. بەڵام ڕەوتی ئیسلامی سیاسی لەم ناوچە بە تایبەتی کۆمەڵێک لق و پۆی بە مەبەستی دیاریکراو پێکهێناوە بۆ ئەوەی بە هەر شێوەیەک دژی زانست و پێشکەوتن بوەستنەوەو ڕێگە نەدەن کۆمەڵگا بەرەوپێش بڕوات.

...بۆ ل٧

درێژەی لاپەری ٤

## ستراتیژیی ترس و دەرهاوێشتە دەروونی-سیاسییەکانی لەسێدارەدانی سیستماتیک لە ئێراندا:

## لە دابڕانی ڕەوشتییەوە بۆ نامۆبوونی کۆمەڵایەتی

ئەم گۆڕانکارییە، ڕاستەوخۆ کار لەسەر لایەنی دەروونیی مرۆڤەکان دەکات؛

چونکە مێشکی مرۆڤ لە کاتی هەستکردن بە «مەترسیی دەرەکی» یان دۆخی هاوشێوەی جەنگ، بە شێوازێکی ئۆتۆماتیکی ئامادەیی بۆ قەبووڵکردنی توندوتیژیی دەوڵەت تێدا دروست دەبێت، بەو پاساوەی کە «ئاسایشی بەکۆمەڵ لە سەرووی مافە تاکەکەسییەکانەوەیە».

ئەندازیاریی دابڕانی ڕەوشتی: چۆن ویژدانی گشتی سڕ دەکرێت؟

کاتێک توندوتیژیی سیستماتیک بەرگی ئاسایشی لەبەر دەکرێت، قۆناغی دووەمی ستراتیژییەکە دەست پێدەکات کە تێکشکاندنی پێوەرە ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی «دابڕانی ڕەوشتی»یەوە. لە ڕوانگەی دەروونناسیی ناسینی کۆمەڵایەتییەوە، مرۆڤەکان خاوەنی سیستمێکی چاوەدێریی ناوەکین Self-regulatory) (mechanisms کە ڕێگرییان لێدەکات بەرانبەر بە کوشتن و ئازاری هاوچەشنەکانیان بێدەنگ بن. بۆ تێپەڕاندنی ئەم بەربەستە ویژدانییە، گوتاری فەرمی لە ڕێگەی میدیاکانەوە میکانیزمی «بێبەهاکردن یان سڕینەوەی تایبەتمەندییە مرۆییەکان (Dehumanization)» بە شێوازێکی نوێ کارا دەکاتەوە.

ئەم بێبەهاکردنە تەنیا داماڵینی قوربانی لە تایبەتمەندییە مرۆییەکان نییە، بەڵکوو داماڵینی تەواوی ناسنامە مەدەنی و سیاسییەکانیانە. دەسەڵات هێڵی نێوان چالاکییە ئاساییەکان (وەک ناڕەزایەتی بە مەبەستی دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکان) و خەیانەت لێڵ دەکات. هاوڵاتیان کاتێک لە ڕێگەی شاشەکان و فیلمی دانپێدانی زۆرەملێوە دەبینن کە تۆمەتبار دەخرێتە ناو چوارچێوەی «سیخوڕی و خیانەت»، لە ڕووی دەروونییەوە هاوسۆزییان بۆی نامێنێت. لای تاکی سەر شەقام، ئەو کەسە چیتر گەنجێکی ناڕازی، ژنێکی ئازادیخواز یان چالاکوانێکی نەتەوەیی نییە، بەڵکوو «ئامرازێکی ماددیی دەستی دوژمنە» کە بۆ تێکدانی ئاسوودەیی ژیانی ئەوان بەکرێگیراوە. بەم شێوازە، دەسەڵات تێچووی ئەخلاقیی بێدەنگبوون لەسەر شانی هاوڵاتی مێشک شۆراو لادەبات؛ تاکی کۆمەڵگە لە ناوخۆی خۆیدا بێدەنگییەکەی بەرانبەر لەسێدارەکان بە ترسنۆکی نابینێت، بەڵکوو وەک «هەڵوێستێکی ژیرانە بۆ پاراستنی سەقامگیری وڵات» پاساوی بۆ دەهێنێتەوە، کە ئەمەش لوتکەی دابڕانی ڕەوشتییە.

نامۆبوونی کۆمەڵایەتی: دارمانی متمانە و دروستبوونی کۆمەڵگەی ئەتۆمیزەکراو

دەرئەنجامی ڕاستەوخۆ و کۆتایی ئەم پرۆسەیە، لە پچڕانی پەیوەندییە مرۆییەکان و دروستبوونی «نامۆبوونی کۆمەڵایەتی (Social Alienation)»دا خۆی بەیان دەکات. کاتێک میکانیزمەکانی ترس دەگەنە ناو قووڵایی هزری کۆمەڵگە، متمانەی نێوان هاوڵاتیان تووشی داڕمانێکی گەورە دەبێت. بەهۆی ئەوەی تۆمەتی سیخوڕی، تۆمەتێکی ناڕوون، سێبەرئامێز و کشانەوەیە و دەکرێت بەسەر هەر کەسێکدا بسەپێندرێت، جۆرێک لە «گومانی گشتی (Universal Suspicion)» باڵ بەسەر پێکهاتەی کۆمەڵگەدا دەکێشێت. ئەم دۆخە کۆمەڵگە بەرەو پرۆسەی ئەتۆمیزەبوون دەبات، کە تێیدا پێکهاتەی بەکۆمەڵ تێکدەشکێت و دەگۆڕێت بۆ تاکە لێک دابڕاو و گۆشەگیرەکان کە متمانە بە دەوروبەری خۆیان ناکەن. لێرەوە، سێ نیشانەی سەرەکیی نامۆبوونی کۆمەڵایەتی دەردەکەون:

هەستی بێدەسەڵاتی (Powerlessness): تاکەکان دەگەنە ئەو باوەڕە کە توانای گۆڕانکاریی سیاسییان نییە و توندوتیژیی دەسەڵات قەدەرێکی حەتمییە.

ئانۆرمی (Anomie): پێوەرە بەهایی و ئەخلاقییەکان دەشێوین؛ کاتێک بینینی لەسێدارەدانی ڕۆژانە بە تۆمەتی جۆراوجۆر دەبێتە واقیعێکی فەرمی، بەهای خودی «ژیان» لەبەر چاوی کۆمەڵگە دادەبەزێت و توندوتیژی ئاسایی دەبێتەوە.

گۆشەگیری ((Retreatism: مرۆڤەکان لە ترسی گوتاری ئاسایشی، لە کایەی گشتی و چالاکییە هاوبەشەکان دەکشێنەوە و خۆیان لە ناو بازنەیەکی زۆر بچووکی خێزانیدا کەرەنتینە دەکەن.

دەرئەنجام

شەپۆلی لەسێدارەدانەکان کاریگەریی نەرێنی قووڵ لەسەر جەستەی کۆمەڵگەی کوردی و ئێرانی بەجێدەهێڵێت، کە دەکرێت لە سێ تەوەری سەرەکیدا کورت بکرێنەوە:

١- ستراتیژی تیرۆر (Terror Strategy) وەک ئامرازێکی سیاسی

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی ڕێژەی لەسێدارەدان (بەتایبەت لە کاتی قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکاندا) چەند ئامانجێکی سەرەکی دەپێکێت:

پیشاندانی هێز لە کاتی لاوازیدا: کاتێک ڕژێم لە ناوخۆیدا ڕووبەڕووی شەپۆلی ناڕەزایەتی دەبێتەوە، پەنا بۆ لەسێدارەدانی چڕ دەبات تا پەیامێکی ڕوون بنێرێت: «ئێمە هێشتا کۆنترۆڵی تەواوی دۆخەکەمان لەدەستدایە.»

تێچووهەڵگرکردنی خەباتی سیاسی: بە سەپاندنی سزای سێدارە بەسەر چالاکوانانی سیاسییدا (بەتایبەت لە کوردستان و بەلووچستان)، دەسەڵات دەیەوێت تێچووی دژایەتیکردنی هێندە بەرز بکاتەوە کە هاووڵاتییان پێش هەر جۆرە چالاکییەک، بیر لە مەرگ بکەنەوە.

ئاساییکردنەوەی توندوتیژی: دووبارەبوونەوەی بەردەوامی ئەم سزایە، هەستیاری (Desensitization) لە کۆمەڵگەدا کەم دەکاتەوە و وای لێدەکات وەک واقیعێکی تاڵ، بەڵام نەگۆڕ وەربگیردرێت.

٢- دەرهاوێشتە دەروونییەکان (Psychological Impact)

ئەم ستراتیژییە تەنیا کاریگەریی لەسەر کەسی لەسێدارەدراو نییە، بەڵکوو تەواوی جەستەی کۆمەڵگە تووشی شۆک دەکات:

ترسی گشتگیر و دڵەڕاوکێی درێژخایەن: دروستکردنی کەشێک کە مرۆڤەکان تێیدا هەست بە ئاسایش نەکەن؛ ئەم ترسە وا دەکات تاکەکان هەمیشە لەژێر فشاری دەروونیدا بن و نەپەرژێنە سەر کێشە بنەڕەتییەکانی وەک ئازادی و مافە مرۆییە بنەڕەتییەکان.

شۆکی دەروونیی خێزانەکان (Trauma)

خێزانی زیندانیانی سیاسی و لەسێدارەدراوان ڕووبەڕووی ئەشکەنجەیەکی دەروونیی بەردەوام دەبنەوە؛ لە چاوەڕوانییەکی کوشندەوە تا دەگاتە نەدانەوەی تەرمی ئازیزانیان یان ڕێگریگرتن لە شینگێڕیی ئازادانە و تەنانەت شکاندنی کێلی مەزاری قوربانی.

بێهیوایی فێرکراو (Learned Helplessness)

کاتێک کۆمەڵگە دەبینێت هێچ میکانیزمێکی یاسایی یان نێودەوڵەتی ناتوانێت ڕێگری لەم سێدارەدانانە بکات، جۆرێک لە بێهیوایی و داڕووخانی دەروونی باڵ بەسەر خەڵکدا دەکێشێت، کە وایان لێدەکات بڕوایان بە گۆڕانکاری نەمێنێت.

٣- کاریگەرییە سیاسییەکان (Political Impact)

لەسەر ئاستی پێکهاتەی سیاسی و پەیوەندیی نێوان گەل و دەسەڵات، ئەم دەرئەنجامانەی لێ دەکەوێتەوە:

داڕووخانی شەرعییەتی یاسایی: دادگاییکردنی خێرا، بێبەشکردن لە پارێزەر و وەرگرتنی دانپێدانانی زۆرەملێ لەژێر ئەشکەنجەدا، دەسەڵاتی دادوەری لە ئێراندا کردووەتە ئامرازێکی تەواو سیاسی. ئەمەش بڕوای خەڵکی بە چەمکی «یاسا» و «دادپەروەری» لەو سیستمەدا بەتەواوی لەناو بردووە.

سەپاندنی بێدەنگیی کاتی و تەقینەوەی داهاتوو: ئەگەرچی ترس دەتوانێت بۆ ماوەیەکی کاتی شەقامەکان کپ بکات، بەڵام هاوکات کینە و تووڕەییەکی پەنگخواردوو لەژێر پێستی کۆمەڵگەدا دروست دەکات. ئەم کۆنترۆڵە تەنیا سەپاندنی سەقامگیرییەکی ساختەیە کە لەگەڵ بچووکترین دەرفەتدا وەک ڕاپەڕینێکی بەهێزتر دەتەقێتەوە.

هەڵاواردنی پێکهاتەیی: ئامارەکان هەمیشە دەریدەخەن کە ڕێژەی لەسێدارەدان لە کوردستان و بەلووچستاندا لەچاو ناوچەکانی دیکە بەرزترە. ئەمەش بووەتە هۆی قووڵبوونی درزی سیاسی و نەتەوەیی لە نێوان پێکهاتەکان و ناوەندی دەسەڵاتدا.

درێژەی لاپەڕە ٥

# چەپی کوردستانی، سۆسیالیزم و ئیستراتژی نەتەوەیی...!

ئێستە ئیتر ئەم مێژووە نوێیەو بە تایبەتی بزووتنەوەی ژینا پێمان دەڵێ کە شۆڕش کوردستان لە قۆناغی رینسانسێکی فیکری و کۆمەڵایەتیدایەو وەک بە درووستیش باس دەکرێ، شۆرشی ئیسلامیی بەو جۆرەی لە ئێراندا لە ساڵی ١٩٧٩ی زایینی هاتە ئاراوە بە هیچ جۆرێک کوردستانی نەگرتەوەو بە پێچەوانە کوردستان بووە لانکەی بەرەی سێکۆلار، پێشکەوتنخوازی و مۆدێرنیزم. ئەو سەردەمەی خەڵکی کوردستان لە کەشێکی ئازادو دێمۆکراتیک بنکەو شووراکانیان دادەمەزران و رێکخراوەکانی تایبەت بە چینە جۆراوجۆرەکان پێکهاتبوون، ئێرانیەکان بانگەوازی ئەوەیان دەکرد کە وێنەی خۆمەینیان لە نێو مانگدا دیوەو بە ملیۆنان کەس لە دەوری ئەو کۆنەپەرستیە کۆدەبوونەوە. هەر ئەم شۆڕشی ژینا پێوانەیەکی بە تەواوەتی راستەقینەی لە روخساری بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان نیشاندا کە لە پێشکەوتنخوازیی و یەکسانیخوازیی چ بناغەیەکی بە هێزی هەیە و لە جووڵەیەکی شۆڕشگێڕانە هەموو ریسی ئیسلامی سیاسی و دواکەوتوویی کردەوە بە خوری و ئەو پەیامەی بۆ هەموو جیهان بەرێکرد کە کورد لە نێو دڵی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆنەپەرست کە سەرەڕای ئەوەی چوار دەسەڵاتی دواکەوتووی داگیرکەر گەمارۆی داوە، چ نەتەوەیەکی پێشکەوتنخوازو یەکسانیخوازە. بێگومان کوردستانی سەربەخۆی داهاتوو لە هەمانکاتدا لانکەی رێزگرتنە لە بیروباوەڕە جیاوازەکان و دەربڕینی ئازادانە هەڵبژاردنی هەر باوەڕێک بە مافی تاک بە تاکی خەڵک دەزانێ، بەڵام یاساو رێسا گشتیەکان بە تەواوی مرۆڤ تەورەو پرسی ئایین تەنیا بابەتێکی تاکەکەسیە.

**چەپی کوردستانی بە وشیاریی بەوەی کە رۆژئاوا لانکەی لە دایکبوون و گەشەی بیری چەپ بووەو بە سەدان بیرمەندی لە داوێنی خۆی پەروەردە کردووە بۆ خزمەتی هەم کۆمەڵگای خۆی و هەمیش مرۆڤایەتی بە گشتیی، ئەم ئەندێشە توانیویەتی بە هەموو جیهاندا بڵاو بێتەوە. بەڵام لە هەمانکاتدا تاکێکی کورد دەتوانێ و دەبێ فۆرمێکی نوێ بونیات بنێ و جارێکی دیکە بە قووڵی رۆبچێتە نێو کۆمەڵگەی خۆیەوە بۆ ئەوەی هەموو رەگە ونبووەکانی مێژوویی بیری یەکسانیخوازی و عەداڵەتخوازانەی خۆی بدۆزێتەوەو لەسەر ئەو بنەمایە کوردستان بکاتە خاوەنی چەپێکی سەربەخۆ. هەرچەندە ئێمە لە جیهانێکی گشتگیردا دەژین و فاکتەرگەلێکی زۆر هەن کە کاریگەریمان لەسەر دادەنێن بەڵام ئەوە بەو مانا نیە کە ئێمە دەبێ لە فۆرمێکی گشتیدا بتوێینەوەو ئاسەوارێکمان لێ نەمێنێت، بە تایبەت بۆ نەتەوەیەك کە خاوەنی مێژوویەکی دوورو درێژە. پێچەوانەکەشی بەو مانا نیە کە مەبەستمانە ببینە نەتەوەیەکی خۆپەراوێز و نامۆ لە هەر ئاڵوگۆڕێکی جیهانیی. بەڵام ئەوەی گرینگە پێویستە خەڵکی کوردستان ببنە خاوەنی هێزێکی سەربەخۆی چەپی کوردستانی و خۆیان لە پاشکۆیەتی چەپی نەتەوەی باڵادەست دەرباز بکەن و هاوکات وەك هەموو نەتەوەکانی دیکەی سەر ئەم گۆی زەویە وەك بوونەوەرێکی سەربەخۆ بیربکەنەوەو هاوکات بە فەرمی بناسرێت و بە یەکسان چاوی لێ بکرێت. ئەوەی بە تایبەتی لە ماوەی خەباتی سەد ساڵی رابردوو هاتوەتە بەرهەم بە چەپ و راست یان هەر بۆچوونێکی دیکە. سەرەڕای ئەوەی توانیویەتی لە هەندێ ئاستدا پێشکەوتنێك بەدەست بهێنێت بەڵام لە وێنا گشتیەکەدا هێشتا فۆرمێکی دیکەیە لە کۆیلەتی و ژێردەستە بوون. واتە گرتنە پێشی رێبازێکی سیاسی. فیکری کە کۆتایی و مەنزڵگەکەی دوورەپەرێزیە لە باسکردنی سەربەخۆیی و کردنی تاکی کوردە بە کەرەسەیەك بە مەبەستی تواندنەوە لە**

## چەپ بوون بۆ تاکی کورد

زۆربەی هەرە زۆری رەوت و حیزبە چەپەکان لە ئاستی جیهان، لە راستیدا هەر کامەیان بە پێی باری مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتەی تێیدا دەژین هەوڵیانداوە کە چەپ پێناسە بکەن و لە بەرنامەو رێبازی خۆیاندا بیگونجێنن، چونکە کاردانەوەی جەماوەری بەرانبەر بە رەوتە چەپەکان لە جیهاندا بە شێوەیەکی یەکسان و یەک رەهەندی گشتگیری نیە، بەڵکوو کۆمەڵانی خەڵکی ئەو وڵاتە بە پێی بارودۆخ و پێکهاتەی کۆمەڵگەو نەریتەکانی تایبەت بە خۆیان چەپیان وێنا کردووەو وەڵامیان پێداوەتەوە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش بیرمەندانی ئەو وڵاتانە لە باسی تیۆریزەکردنی بنەماکانی چەپ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی وڵاتەکەیان لەبەرچاو گرتووە. بۆیە هەر وەک چۆن چەپی ئاڵمانی، رووسی، ئۆتریشی، ئیتالیایی، ئەمریکایی و ئێرانی بوونی هەیە دەبوو چەپی کوردستانیش هەبێت. بەڵام ئەو راستیە ناشاردرێتەوە کە کورد خاوەن بیرمەندێکی وەها نەبووە یان بە هۆی داگیرکاریەوە مەجالی دەرکەوتنی پێ نەدراوە کە بتوانێ لەم بوارەدا پێناسەیەکی سەربەخۆ بۆ چەپ لە کوردستان بینا بکات، بۆیە لە باری مێژووییەوە بەردەوام وەک دەوترێت بە بیری چەپی نەتەوەی باڵادەست بنەمای سیاسەتی خۆی دارشتووە.

کەواتە چەپی کوردستانی بە وشیاریی بەوەی کە رۆژئاوا لانکەی لە دایکبوون و گەشەی بیری چەپ بووەو بە سەدان بیرمەندی لە داوێنی خۆی پەروەردە کردووە بۆ خزمەتی هەم کۆمەڵگای خۆی و هەمیش مرۆڤایەتی بە گشتیی، ئەم ئەندێشە توانیویەتی بە هەموو جیهاندا بڵاو بێتەوە. بەڵام لە هەمانکاتدا تاکێکی کورد دەتوانێ و دەبێ فۆرمێکی نوێ بونیات بنێ و جارێکی دیکە بە قووڵی رۆبچێتە نێو کۆمەڵگەی خۆیەوە بۆ ئەوەی هەموو رەگە ونبووەکانی مێژوویی بیری یەکسانیخوازی و عەداڵەتخوازانەی خۆی بدۆزێتەوەو لەسەر ئەو بنەمایە کوردستان بکاتە خاوەنی چەپێکی سەربەخۆ. هەرچەندە ئێمە لە جیهانێکی گشتگیردا دەژین و فاکتەرگەلێکی زۆر هەن کە کاریگەریمان لەسەر دادەنێن بەڵام ئەوە بەو مانا نیە کە ئێمە دەبێ لە فۆرمێکی گشتیدا بتوێینەوەو ئاسەوارێکمان لێ نەمێنێت، بە تایبەت بۆ نەتەوەیەک کە خاوەنی مێژوویەکی دوورو درێژە، پێچەوانەکەشی بەو مانا نیە کە مەبەستمانە ببینە نەتەوەیەکی خۆپەراوێز و نامۆ لە هەر ئاڵوگۆڕێکی جیهانیی، بەڵام ئەوەی گرینگە پێویستە خەڵکی کوردستان ببنە خاوەنی هێزێکی سەربەخۆی چەپی کوردستانی و خۆیان لە پاشکۆیەتی چەپی نەتەوەی باڵادەست دەرباز بکەن و هاوکات وەک هەموو نەتەوەکانی دیکەی سەر ئەم گۆی زەویە وەک بوونەوەرێکی سەربەخۆ بیربکەنەوەو هاوکات بە فەرمی بناسرێت و بە یەکسان چاوی لێ بکرێت. ئەوەی بە تایبەتی لە ماوەی خەباتی سەد ساڵی رابردوو هاتوەتە بەرهەم بە چەپ و راست یان هەر بۆچوونێکی دیکە، سەرەڕای ئەوەی توانیویەتی لە هەندێ ئاستدا پێشکەوتنێک بەدەست بهێنێت بەڵام لە وێنا گشتیەکەدا هێشتا فۆرمێکی دیکەیە لە کۆیلەتی و ژێردەستە بوون، واتە گرتنە پێشی رێبازێکی سیاسی، فیکری کە کۆتایی و مەنزڵگەکەی دوورەپەرێزیە لە باسکردنی سەربەخۆیی و کردنی تاکی کوردە بە کەرەسەیەک بە مەبەستی تواندنەوە لە ئاستە گشتیەکەدا.

بۆ وێنە"ئێرانی بوون" یا "کۆمۆنیست بوون" وەک دوو دەستەواژەو رێباز کە بە بێ لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگە، هەنگاو بەسەر سنوورەکانی کوردستان دەنێت بۆ خۆتێکەڵکردن لەگەڵ جوگرافیا یان ئەندێشەیەکی گشتیر، "یەکیان بۆ خزمەتی دێمۆکراسی ئەوی دیکەیان بۆ خزمەتی خەباتی ئینترناسیۆنالیستی" کە لەم ئەندێشانەدا دێمۆکراسیخوازەکان بانگەوازی ئەوە دەکەن کە با هەموومان پێکەوە بە ئاشتی و ئارامیی لە ئێرانێکی دیمۆکراتیکدا بژین و کۆمۆنیزمی ئێرانیش دەڵێن وەرن با پێکەوە لە خەباتی چینایەتی بەشدار بین بۆ سەرخستنی شۆڕشی سۆسیالیستی لە ئێران...

درێژەی هەیە...

# وتووێژی گۆڤاری تیشک لەگەڵ هاوڕێ ڕەزا کەعبی

## تەوەری دووەم: پلان و بەرنامەکانی ئێستا

**هاوڕێی ڕەزا کەعبی سکرتێری گشتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە درێژەی کار و چالاکییەکانیدا وتوێژێکی لەگەڵ گۆڤاری تیشک ئەنجام داوە، لە ژمارەی پێشووی دوارۆژ بەشی یەکەمی ئەم وتوێژە بڵاوکرایەوە و لەم ژمارەیەدا بەشی دوەمی دەخرێتە بەر دیدەی خوێنەرانی دوارۆژ.**




> **لە ڕوانگەی ئێمەوە هەندێك ڕێگر هەن کە ئاماژە بە سەرەکیترینەکانیان دەکەم: دروستبوونی جۆرێك لە جەمسەربەندی و پۆلاریزاسیۆن لە ناو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا، کاریگەریی نەرێنیی لەسەر پرسی یەکگرتوویی هەبووە. جەمسەرەکان و لە ئاستێکی خوارووتردا لایەنەکان، نەك هەر لەبەر جیاوازیی ڕوانین، بەڵکوو لە ئیدعایان بۆ باڵادەستی لە هەژموونیی شەقامی ڕۆژهەڵاتدا تووشی جۆرێك لە ململانێ و ئاستێك لە بیرکردنەوە لە ڕادەی پێویستبوونی هاوکاری دەکەنەوە، کە لە قازانجی یەکگرتوویی و هاوکاری نابێت. لە ڕاستیدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ خەباتەکە پێویستی بە هەموو هێزی خۆی و هەموو چالاکان و خەباتکارانی هەیە؛ تەنانەت لە حاڵەتێکدا کە لایەن یان جەمسەرێك بزانێت لە کوردستان باڵادەستە، نابێت خۆی لە هاوکاری و یەکگرتوویی کە ویستی نەتەوەی کورد و پێویستیی خەباتی کوردستانە، بپارێزێت. هاوکات هەندێك پەیوەندیی هەرێمی هەن کە کاریگەریی نەباشیان لەسەر هاوکاری و یەکگرتوویی هەبووە، کە ئەمیش دیسان دەچێتە خانەی جەمسەربەندییەکانەوە.**
>
> **لە بەشی دەرفەتەکاندا و ئایا هێشتا دەکرێت یەکگرتووییەك ساز بکرێت، پێم وایە هاوکات لەگەڵ ئەوەی پێویستییەکە لەبەر دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لە ئاستێکی بەرزتردا هەیە، دەرفەتەکەش لە دەست نەچووە و هەیە. لە لایەك بزووتنەوەی کوردستان و خەڵك و شەقامی کوردستان ئەوە دەخوازێت و لە ساڵانی ڕابردوودا بینیومانە کە شەقام چۆن لە کاتی هاوکاری و هاودەنگیی حیزبەکاندا یەکگرتوو بە پیری بانگەوازەکانیانەوە چووە؛ مانگرتنە مێژووییەکانی ڕۆژهەڵات کە دوا نموونەی ١٨ی بەفرانباری ئەمساڵ بوو کە نزیکەی هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە.**

**٦- ساڵانێکی زۆرە کۆمەڵگەی کوردستان چاوەڕوانیی پێکهێنانی بەرەیەک یان ناوەندێکی هاوبەشی سیاسی لە نێوان هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لە ناوەڕاستی بزووتنەوەی ژینادا ناوەندی هاوکاریی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کردەوە لە کار کەوت. پێتان وایە بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازییە ئایدیۆلۆژیک و سیاسییەکان، ئیمکانی پێکهێنانی بەرەیەک یان ناوەندێکی کاری سیاسیی هاوبەش لە نێوان ئەم هێزە سیاسییە جیاوازانەی کوردستاندا هەیە؟ چەند مانگێکە باس لە ناوەندی دیالۆگ دەکرێت. وێدەچێت تا ئێستا ئەم ناوەندە هێشتا هەر لە سەروبەندی ساخبوونەوەدابێت و بە ئەنجامی دڵخواز نەگەیشتبێت. گەورەترین بەربەستەکان بۆ پێکهێنانی بەرەیەک یان ناوەندێکی کاری هاوبەش لە نێوان هێزە سیاسییە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چین؟ بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونەکانی ڕابردووی کاری هاوبەش لە نێوان ئەم هێزانەدا، چ میکانیزمگەلێک دەتوانن پێش بە لاوازییەکانی ئەزموونەکانی ڕابردووی کاری هاوبەش بگرن؟**

• لە ڕوانگەی ئێمەوە هەندێک ڕێگر هەن کە ئاماژە بە سەرەکیترینەکانیان دەکەم: دروستبوونی جۆرێک لە جەمسەربەندی و پۆلاریزاسیۆن لە ناو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا، کاریگەریی نەرێنیی لەسەر پرسی یەکگرتوویی هەبووە. جەمسەرەکان و لە ئاستێکی خوارووتردا لایەنەکان، نەک هەر لەبەر جیاوازیی ڕوانین، بەڵکوو لە ئیدعایان بۆ باڵادەستی لە هەژموونیی شەقامی ڕۆژهەڵاتدا تووشی جۆرێک لە ململانێ و ئاستێک لە بیرکردنەوە لە ڕادەی پێویستبوونی هاوکاری دەکەنەوە، کە لە قازانجی یەکگرتوویی و هاوکاری نابێت. لە ڕاستیدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ خەباتەکە پێویستی بە هەموو هێزی خۆی و هەموو چالاکان و خەباتکارانی هەیە؛ تەنانەت لە حاڵەتێکدا کە لایەن یان جەمسەرێک بزانێت لە کوردستان باڵادەستە، نابێت خۆی لە هاوکاری و یەکگرتوویی کە ویستی نەتەوەی کورد و پێویستیی خەباتی کوردستانە، بپارێزێت. هاوکات هەندێک پەیوەندیی هەرێمی هەن کە کاریگەریی نەباشیان لەسەر هاوکاری و یەکگرتوویی هەبووە، کە ئەمیش دیسان دەچێتە خانەی جەمسەربەندییەکانەوە.

لە بەشی دەرفەتەکاندا و ئایا هێشتا دەکرێت یەکگرتوویيەک ساز بکرێت، پێم وایە هاوکات لەگەڵ ئەوەی پێویستییەکە لەبەر دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لە ئاستێکی بەرزتردا هەیە، دەرفەتەکەش لە دەست نەچووە و هەیە. لە لایەک بزووتنەوەی کوردستان و خەڵک و شەقامی کوردستان ئەوە دەخوازێت و لە ساڵانی ڕابردوودا بینیومانە کە شەقام چۆن لە کاتی هاوکاری و هاودەنگیی حیزبەکاندا یەکگرتوو بە پیری بانگەوازەکانیانەوە چووە؛ مانگرتنە مێژووییەکانی ڕۆژهەڵات کە دوا نموونەی ١٨ی بەفرانباری ئەمساڵ بوو کە نزیکەی هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە.

بابەتێکی دیکە ئەوەیە کە ئاستێک لە داخوازیی گشتی هەیە کە حیزبەکان دەبێت لەسەر ئەو داخوازییانە هاوکاری و یەکگرتوویی خۆیان دابمەزرێنن: نەمانی کۆماری ئیسلامی، سەروەریی نەتەوەیی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد، ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان، چارەسەری ستەمی ڕەگەزی و هتد، لەو خاڵانەن کە نزیکەی هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لەسەریان ساغن. ئەمانە دەتوانن ببنە هەوێنی ئەو یەکگرتووییە. ململانێ حیزبییەکان دواتر و لە سندوقەکانی دەنگداندا دەتوانن وەڵامی خۆیان وەرگرنەوە.

بۆ بەرگرتن بە دووپاتبوونەوەی بەشە ناسەرکەوتووەکانی ئەزموونەکانی ڕابردوو، دەکرێت چەند ڕێکارێک بگرینە بەر. وەکوو پێشتر ئاماژەم پێ کرد، کارکردن لەسەر ئەوەی پێی دەوترێت Minimum Consensus Model، واتە کۆدەنگی لەسەر لانیکەمێک کە خواستی گشتیی خەڵکی کوردستانە. بە دامەزراوەییکردنی بڕیار و ڕێککەوتن، بابەتێکی گرنگی دیکەیە کە دەتوانێت گەرەنتیی پابەندبوونی هەمووان بە بڕیارە گشتییەکانی ناوەند یان بەرەیەکی کوردستانی بێت؛ تا کاتێک کە پەیوەندییەکان لە ئاستی تاکەکەسی و بابەتی کەسیدا بمێنێتەوە، ڕیسکی سەرنەکەوتن زیاترە. هاوکات لەبەر ئەوەی چارەنووسی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کوردستان بابەتێکی گشتییە، ئاگاداربوونی ڕای گشتی لە ڕێککەوتنەکان و باسەکان زۆر گرنگە؛ ئەگەر هەموو باسەکان بە ڕوونی ڕوو بە کۆمەڵگەی کوردستان بکرێن و هەڵوێستی هەموو حیزبەکان لەسەر بابەتەکان بە ئاگاداریی ڕای گشتی بگات، تاکڕەوی و بیرکردنەوە لە بەرژەوەندیی حیزبی، کۆنترۆڵکراو دەبێت و لایەن و حیزبەکان لە بەردەم خەڵکی کوردستاندا بەرپرسانەتر هەڵسوکەوت دەکەن و دەبێت بەرپرسیارێتیی هەڵوێستەکانیان بگرنە ئەستۆ.

...بۆ ل٩

*درێژەی لاپەڕی ٨*

**٧- بزووتنـەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتـی کوردستـان لە لایەنی جیـاواز پێک دێت، بۆ نموونـە حیزب و ڕێکخـراوە سیاسییـەکان، ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵگـەی مەدەنـی لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردستـان، ڕووناکبیـر و ئەکادیمیسیانـە بێلایەنـەکان و هتـد. ئاخۆ پەیوەندییەکـی دوولایەنـە و بنیادنـەر لـە نێوان ئەم پێکهاتە جیاوازانەی بزووتنەوەی کوردستانـدا هەیە؟ یان هـەر لایەنێک وەک دوورگەیەکـی لێـک دابڕاو خەریکـی کاری خۆیەتی؟**

• پەیوەندیـی حیزبـەکان و کۆمەڵگـەی مەدەنـی، پەیوەندییەکـی ئـاڵۆزە. سـاڵانێکی زۆرە ڕۆژهەڵاتـی کوردستان لـە ئاستێکی بـەرزدا چالاکیی ڕێکخراوە مەدەنییەکانـی تێـدا بـەدی دەکـرێت و ئەمە زیندووبوون و پێشـکەوتووبوونی ڕۆژهەڵاتـی وڵات دەردەخـات؛ ئـەم بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییانـە کۆمەڵگەی کوردستانییـان ڕێکخراوتـر، مۆدێرنتـر، سیاسیتر و لێکئاڵاوتر کردووە.
ئەوەی پێویستـە حیزبەکانی کوردستان لەبەرچـاوی بگـرن، ئەوەیـە کـە ئـەم بزووتنەوانـە نـابێت بکرێنـە تریبۆنـی پڕوپاگەنـدەی حیزبی و سـەربەخۆییان لێ بستێندرێتەوە. لە ڕاستیدا ئەگەر ئەو بزووتنەوانـە بەحیزبی بکرێن، لە ئەرکی خۆیـان بەتاڵ دەکرێنـەوە و کاریگەریی خۆیان لە دەست دەدەن و دەبنە بەشێک لـە حیزب؛ لـە حاڵێکـدا ئۆرگانەکانـی کۆمەڵگەی مەدەنـی و ڕێکخراوەیی لەو بابەتە، بە سەربەخۆبوونیانە کە دەتوانن ببنـە ئامرازێکـی گـرنگ بۆ پاراستنـی ئازادییـەکان و مافەکانـی خەڵک و ڕێگە لە سـەرەڕۆیی دەسـەڵات و سیستەمی سیاسی بگرن.
هەرچەنـد ئـەو ڕاستییە ناتـوانین لەبیر بکەین کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان لە ژێر کاریگەریی بزووتنەوەی نەتەوەیـی و سیاسیـی گشتیـدان. لـە مێژووی کاری جەماوەریـدا، کۆمەڵـە جێگەیەکـی دیـار و بەرچـاوی هەیـە و دەوری حاشـالێنەکراوی لە بەهێزکردنی ڕێکخـراوە جەمـاوەری و مەدەنییەکان و بنەمـای فیکریـی بوونـی ئـەو جۆرە ڕێکخراوانـەدا هەبـوو کـە لـە بنەڕەتدا لە بیری چەپـەوە هەڵقـوڵاون. ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتـی کوردستـان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگـەی مەدەنـی و پەیوەندیـی خەباتکارانە و مافخوازانەیان، دەورێکی گرنگیان لە پێشـکەوتن و سـەرکەوتنی بزووتنەوەی گشتیدا هەیە.
ڕووناکبیـران و ئەکادیمیسیانـەکان لـە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات چالاکییان زۆرە و بەرهەمی باشیان بووە کە بزووتنەوەی کوردستـان سـوودی لێ بینیـوە، بـەڵام کاریگەرییـان لەسـەر بڕیـاری سیاسـی لاواز بوو. لە ڕاستیـدا پەیوەندیی نێوان ڕۆشنبیـران و سیاسـەت، پاراستنـی هاوسـەنگیی نێـوان دەسـەڵات و ڕاستییە. لێرەدا حیزبەکان دەبێت ڕێز لە سەربەخۆیی زانست، لێکۆڵینەوە و کاری ڕووناکبیـران بگـرن؛ کارەکانیـان بکەنە بنەمـا بۆ دارشتنی سیاسـەت و شێوەی کاری حیزبی و هـەوڵ بدەن یارمەتیدەر و پشتیوانیان بن بەبێ ئەوەی بیانەوێت وەکـوو کەسـی حیزبـی و بۆ تەئیـدی خۆیان بەکاریان بێنن.
خاڵێکـی گرنگی دیکە کـە ئەرکی حیزبە سیاسییەکانـە ئەوەیـە کـە ڕەخنـەی ئەکادیمیسیەنـە سـەربەخۆکان وەکـوو دژایەتی و دوژمنایەتی نـەبینن، بەڵکوو گوێبیستـی بن و هـەوڵ بۆ ئـەوە بدەن بیکەنـە بنەمایـەک بۆ چاکسـازی لـە سیاسەت و لە کاری حیزبیی خۆیاندا.
بەداخـەوە زۆر جـار ڕووناکبیـران تەنیا کاتێـک بـانگ دەکـرێن کـە حیزبێـک پێویستی بە شـەرعییەت یـان وتارێکی «جـوان» هەبێت بۆ کۆنفرانسـەکانی. لە لایەکـی دیکـەوە، ئەکادیمیسیەنەکان و ڕۆشنبیـران پێویستە زانستییانە و بەبێ هەستکـردن بە قورسـایی ئایدیۆلۆژیک کار بکـەن؛ ئاکامـی لێکۆڵینـەوە و کارە زانستییەکانیـان بەبێ ئـەوەی بیروڕای تاکەکەسیـی خۆیانـی تێکـەڵ بکـەن، ڕابگەیەنن؛ بەرهەم و کەسایەتییەکەیان لـە خزمەت بزووتنـەوە و بەرژەوەندییە گشتییەکـەدا بێت نەک کەسـایەتی یان لایەنێکی دیاریکراو؛ گرنگتر لە هەمووی ئەوەیـە کە وەکـوو ڕەخنەگرێکی دڵسۆز لـە سیاسـەت و هەڵسـوکەوتی حیزبی سیاسی بڕوانن.

**٨- پرسی ستەم و نایەکسانیی جێندەری پرسێکی گرنگی کۆمەڵایەتی و سیاسییە. لە کوردستان ژنان هەم لە لایەن پێکهاتە یاسایی، سیاسی و ئابوورییەکانی ڕژێمی ئێرانەوە دەچەوسێنەوە و هەم کولتووری کۆمەڵگـەی کوردستـان کولتوورێکـی پیاوسـالارە. ژنانـی کوردستـان هـەوڵ و خەباتێکـی زۆریـان بۆ سڕینـەوەی ئـەو ستەمـە و گـەیشتن بە یەکسـانیی جێنـدەری داوە. حیزبەکـەی ئێـوە چ بەرنامەیەکـی واقیعـی و کردارەکـی بۆ ستـەم و نایەکسـانیی جێندەری هەیە و چۆن ڕووبەڕووی ئەو پرسە بووەتەوە؟**

• لـە ڕوانگەی ئێمەوە «ئینسـان» بناغەی ڕوانینـە؛ واتـە بـەبێ لەبەرچاوگرتنـی ڕەگـەز، ڕەگـەزی بـایۆلۆژی و مەیلـی ڕەگـەزی، هەمـوو تاکـەکان خـاوەن مافـی یەکسـانن. کۆمەڵە ستەمی سـەر ژنـان و کەمینـە ڕەگەزییـەکان وەک دەرهاویشتـەی سێ هۆکار دەبینێت: یەکەمیان سیستەمی باوک/پیاوسـالارە کە ژێرخانـی کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئـەو ستەمەیـە؛ دووەمیـان سیستەمی سـەرمایەدارییە کـە قازانجپەرەستانـە ئەو ستەمـە درێژ دەکاتەوە و بەرهەمی دێنێتـەوە؛ سێیـەم ئایینـە، کـە وەکوو ئامرازێـک بۆ ڕەواییـدان بـە ستەمـی ڕەگـەزی لـە لایـەن دەسـەڵاتەوە بەکار دەبرێت.
ستەمـی ڕەگـەزی سـەرەڕای ئـەوەی دیاردەیەکـی جیهانییـە، بـەڵام لـە هەر شـوێنێک، لەوانە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەپێـی دۆخـی وڵاتەکـە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و ئاستەکەشی جیاوازە؛ بۆیە ئێمـە پێمـان وایـە دەبێت دۆخی وڵاتی خۆمـان بنـاسین و چارەسـەری گونجاو لەگەڵ ئەو دۆخە تایبەتـەدا بدۆزینەوە.
بۆ نموونـە: یەکێـک لـە تایبەتمەندییـە دیارەکانـی کوردستـان کـە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر قووڵتربوونی ستەمەکان هەیە، داگیرکراوبوونی کوردستانە.
کۆمەڵـە بـە شێـوەی مێژوویـی، کاری فیکری و کردەیی بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ نایەکسـانیی ڕەگـەزی کاری کـردووە و مافـی ژن و ناوی کۆمەڵـە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستـان گرێـدراوی یـەک بـوون. ڕێگەخۆشـکردن بۆ ژنانـی خەباتـکاری کوردستان بۆ ئەوەی لە هەموو ئاستەکانی خەباتی سیاسی و پێشمەرگانەدا بەشدار بن، خاڵێکـی وەرچەرخانـی مێژوویـی بوو کـە خەباتی ژنان و پلـە و پێگەیانی لـە خەباتـی ڕزگاریخـوازی کوردستـان بۆ هەمیشـە گۆڕی. ئـەمڕۆش خەبات بۆ نەمانی ستەمی ڕەگـەزی، ئەجێندایەکی سـەرەکیی کاری کۆمەڵەیە و پێمان وایە کوردستـان تـا کاتێـک یەکسـانیی تێدا دەستەبەر نـەبێت، بـە تەواوەتی ڕزگار نەبووە.
کۆمەڵـەی زەحمەتکێشـانی کوردستان، دوا کۆنگرەی خۆی واتە کۆنگرەی ١٤ی بە «کۆنگرەی ژن، ژیان، ئازادی» ناو لێ ناوە و ئەمە قووڵبوونی بیری یەکسانیخوازانە لـە نـاو کۆمەڵـەدا دەردەخات، کـە ئەو دروشـمە وەکـوو سیمبولێـک کـە بـە توندی گرێـدراوی ئازادیی ژنانە بۆ ناوی کۆنگرەی خۆی هەڵدەبژێرێت.
بۆ قۆناغـی دوای ڕزگاریـی کوردستـان، کۆمەڵـە پلان و بەرنامـەی دیـاری هەیە کـە لـە بەرنامـەی سیاسیـی ئێمـەدا هاتـووە. ئەم پلانە لـە ئاستی پەروەردە و یاسـا و هەروەهـا بۆ ڕێگـرتن لە بیری دواکەوتـوو بۆ لەمپەردانـان لـە ڕێگەی ژنانـدا دارێژراوە. هـاوکات پێمـان وایە پێویستە دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان پلانێکـی تۆکمـەی درێژخایەنی هەبێت بۆ یارمەتیدانـی ئـەو ژنانـەی کـە لـە سـایەی سیستەمی پیاوسالاریدا خەسار و ئازاریـان چەشتـووە و هەروەهـا بۆ ڕێخۆشـکردن بۆ گەیشتن بە یەکسـانی.
بـە کورتی، کۆمەڵە پرسـی ژن لە پرسـە نەتەوەیی و چینایەتییەکان جیا ناکاتەوە و پێـی وایە ئـەم ستەمانـە «لێکدراو»ن (Intersectional). هـاوکات ئێمـە شۆڕشـی «ژن، ژیـان، ئـازادی» وەک بەڵگەیەکـی زینـدوو دەبینین کـە دەری دەخات کۆمەڵگـەی کوردستان ئامادەیی بۆ ئەم گۆڕانکارییە گەورەیە هەیە.

**ڕووناکبیران و ئەکادیمیسیانەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات چالاکییان زۆرە و بەرهەمی باشیان بووە کە بزووتنەوەی کوردستان سوودی لێ بینیوە، بەڵام کاریگەرییان لەسەر بڕیاری سیاسی لاواز بوو. لە ڕاستیدا پەیوەندیی نێوان ڕۆشنبیران و سیاسەت، پاراستنی هاوسەنگیی نێوان دەسەڵات و ڕاستییە. لێرەدا حیزبەکان دەبێت ڕێز لە سەربەخۆیی زانست، لێکۆڵینەوە و کاری ڕووناکبیران بگرن؛ کارەکانیان بکەنە بنەما بۆ دارشتنی سیاسەت و شێوەی کاری حیزبی و هەوڵ بدەن یارمەتیدەر و پشتیوانیان بن بەبێ ئەوەی بیانەوێت وەکوو کەسی حیزبی و بۆ تەئیدی خۆیان بەکاریان بێنن.**
**خاڵێکی گرنگی دیکە کە ئەرکی حیزبە سیاسییەکانە ئەوەیە کە ڕەخنەی ئەکادیمیسیەنە سەربەخۆکان وەکوو دژایەتی و دوژمنایەتی نەبینن، بەڵکوو گوێبیستی بن و هەوڵ بۆ ئەوە بدەن بیکەنە بنەمایەك بۆ چاکسازی لە سیاسەت و لە کاری حیزبیی خۆیاندا.**
**بەداخەوە زۆر جار ڕووناکبیران تەنیا کاتێك بانگ دەکرێن کە حیزبێك پێویستی بە شەرعییەت یان وتارێکی «جوان» هەبێت بۆ کۆنفرانسەکانی. لە لایەکی دیکەوە، ئەکادیمیسیەنەکان و ڕۆشنبیران پێویستە زانستییانە و بەبێ هەستکردن بە قورسایی ئایدیۆلۆژیك کار بکەن؛ ئاکامی لێکۆڵینەوە و کارە زانستییەکانیان بەبێ ئەوەی بیروڕای تاکەکەسیی خۆیانی تێکەڵ بکەن، ڕابگەیەنن؛ بەرهەم و کەسایەتییەکەیان لە خزمەت بزووتنەوە و بەرژەوەندییە گشتییەکەدا بێت نەك کەسایەتی یان لایەنێکی دیاریکراو؛ گرنگتر لە هەمووی ئەوەیە کە وەکوو ڕەخنەگرێکی دڵسۆز لە سیاسەت و هەڵسوکەوتی حیزبی سیاسی بڕوانن.**

*درێژەی هەیە*

# یادێک لە ساڵڕۆژی لەسێدارەدانی جەنایەتکارانەی ٥٩ خەباتکار و تازەلاوی شاری مەهاباد


**دواڕۆژ**

١٢ی مانگی جۆزەردان یەکێک لەو ڕۆژانەیە کە وەک ڕۆژێکی خوێناوی لە مێژووی پڕ لە جەنایەتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا، هەموو ساڵێک یادی لێ دەکرێتەوە. لە وەها ڕۆژێکدا بوو کە کوشتاری بەکۆمەڵی ٥٩ کەس لە خەباتکارانی شاری مەهاباد بە دەستی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی ڕووی دا و لاپەڕەیەکی ڕەشی دیکەی بە جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا زیاد کرد. ١٢ی جۆزەردان وەبیرهێنەرەوەی یەکێک لەو جەنایەتە سامناکانەیە کە لە دەورانی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوە چووە. لەم ڕۆژەدا ڕژێمی کۆماری ئیسلامی دەستی دایە جەنایەتێک کە ئاسەوار و بەڵگەکانی تا ئێستاش ڕادەیەکی زۆر لە وەحشەتگەری و دڕندەیی کاربەدەستانی ئەو ڕژێمە نیشان دەدەن. ڕژێمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی بۆ ترساندنی خەڵکی کوردستان و تۆڵەسەندنەوە لە خەڵکی شاری مەهاباد، ٥٩ کەسی بە شێوەی بەکۆمەڵ لەسێدارە دا. زۆربەی لەسێدارەدراوەکان لە مانگەکانی خاکەلێوە و گوڵاندا بە شێوەی ڕەشبگیر لە شەقامەکانی شار ڕفێندران و وەک بارمتە گیرابوون. ژمارەیەک لەوان تازەلاوانی کەمتر لە ١٨ ساڵ بوون و چەند کەسێکیان لە قوتابخانەکانی شاری مەهاباد وانەیان دەخوێند. سەرلەبەیانیی ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ی هەتاوی، فەرمانداریی شاری مەهاباد ڕاگەیەندراوێکی لە ئاستی شاردا بڵاو کردەوە کە ناوی ٥٩ کەس لە لەسێدارەدراوەکانی تێدا هاتبوو.

ڕژێم کە لە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا زیانێکی زۆری بەرکەوتبوو، وەک مارێکی زامداری لێ هاتبوو؛ بۆ تۆڵەسەندنەوە بڕیاری دا بە ڕشتنی خوێنی لاوان و تازەلاوانێک کە بێ هیچ بەڵگەیەک ڕفاندبوویانی و زیندانی کردبوون، ژەهری خۆی بڕژێنێتە جەستەی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت خەڵکی خۆڕاگری شاری مەهاباد. بەڕێوەبەران و هۆکارانی ئەم جەنایەتە کەسانێک بوون کە لە ساڵانی دواتردا بەرگی «ئیسڵاحخوازییان» لەبەر کرد و بۆ ڕزگارکردنی ڕژێم لە قەیران، ڕێگەیەکی دیکەیان گرتە بەر. بەڵام ئەم هەڵوێستە نوێیەی ئەوان نەبووە هۆی ئەوەی تەنیا یەک کەسیشیان بۆ یەک جاریش بێت، بەرپرسیارێتیی خۆی لەم جەنایەتە و زۆرێک لە کارەساتە جەنایەتکارانەکانی ڕژێم لە دەیەی ٦٠دا قبووڵ بکات. «میرحوسێن موسەوی» سەرۆک وەزیرانی ئەو کات یەکێک لەو کەسانە بوو کە زەمینەی ئەم جەنایەتەی خولقاند. هەر لەو کاتەدا هاشمی ڕەفسەنجانی لەم بارەیەوە وتارێکی زۆر توند و هەڕەشەئامێزی پێشکەش کرد. «جەلایی پوور» فەرمانداری شاری مەهاباد بە پشتیوانیی «ناتق نووری» و «حەسەنی»، بڕیاری لەسێدارەدانی ٥٩ لاوی زیندانییان دەرکرد. ئەم ئازیزانە لە دادگایەکی چەند چرکەییدا لە تەورێز، بێ ئەوەی هیچ تۆمەتێکیان لەسەر ساغ بێتەوە، شەهید کران. بنەماڵەکانیان تا ئێستاش لە شوێنی ئەسپەردەکردنی تەرمەکانیان ئاگادار نەکراونەتەوە.

**لیستی ناوی ٥٩ لەسێدارەدراوەکەی ١٢ی جۆزەردان:**

١. غوڵامڕەزا بارێزی | ٢. حەسەن جەهانیان | ٣. عەلی بانەیان | ٤. محەممەد عەلیاڵی | ٥. محەممەد ئەمین سەفا | ٦. هومایۆن نیلوفەری | ٧. مەحموود ڕیازی | ٨. محەممەد حوسێنی | ٩. عەباس حوسەینپوور | ١٠. کازم خاتوونی | ١١. عەلی مەزنە | ١٢. عەبدوڵڵا تەجەریان | ١٣. ڕەحمان ڕەحیمی | ١٤. عەلی گۆڵپەرەست | ١٥. مستەفا عێسمەتی | ١٦. خالق بارزانی | ١٧. یووسف ئەیازی | ١٨. کەماڵ چاوشینی | ١٩. حەسەن ڕەحمانیان | ٢٠. خالید ڕەحیم ئازەر | ٢١. خالید سەفایی | ٢٢. سەیید ئیبراهیم ئەحمەدی | ٢٣. محەممەد مەسعوودی | ٢٤. محەممەد ئەبوبەکری | ٢٥. وەفا ئیلیاسی | ٢٦. مەنسوور جیناح | ٢٧. محەممەد ئەمین ئەحمەدی | ٢٨. محەممەد سەلیمی | ٢٩. فەرەیدوون شەنگە | ٣٠. عەلی بازیان | ٣١. خزر ڕەنگین | ٣٢. ئەبوبەکر شوکری | ٣٣. ماشەڵڵا نادری | ٣٤. هەژار کەریمی | ٣٥. کەماڵ کەریمی | ٣٦. کەریم ڕەحیمیان | ٣٧. یووسف حەبیب پەناه | ٣٨. محەممەدفارۆق بازیار | ٣٩. ئیبراهیم ئەمینی | ٤٠. ساڵح مام ئیبراهیمی | ٤١. شوکرێ نادری | ٤٢. مستەفا فەقری | ٤٣. عەلی غەوارە | ٤٤. عەلی سەلاحی | ٤٥. مەلاحەسەن لاجەوەردی | ٤٦. سولەیمان حەسەنزادە | ٤٧. یووسف حەسەنزادە | ٤٨. کەریم کاوە | ٤٩. سەیید مەحموود سەیید مەحموودی | ٥٠. حامید مەحموودکەندی | ٥١. حوسێن کەلهۆری | ٥٢. عەباس یووسفی | ١٥٤ [sic] ٥٣. سیامەک سەقزی | عەلی ئابادە | ٥٥. کامران زاهێرحێجازی | ٥٦. ساڵح فەرهوودی | ٥٧. مەقسوود مەحموودی | ٥٨. ئەحمەد کەرڕووبی |



٥٩. ڕەحمان خزرپوور

پاش نزیکەی چوار مانگ، ڕژێمی خوێنمژ ٣٣ کچ و لاوی دیکەی مەهابادی لە تەورێز لەسێدارە دایەوە:

١. ئەحمەد باباسلووری | ٢. جەعفەر پورسوڵتانی | ٣. عەبدولڕەحمان ماملێ (نەجات) | ٤. محەممەد سەبزەچی | ٥. ناسر هەندۆش | ٦. مەحموود ئیبتیدا | ٧. قادر بایزیدی | ٨. ڕەسووڵ ڕەشیدی | ٩. سولەیمان ئاهەنگەری | ١٠. سولەیمان پیرۆتزادە | ١١. سولەیمان مەولانی | ١٢. خەسرەو سازواری | ١٣. قادر کاکەمەمی | ١٤. کەریم پێغەمبەرنژاد | ١٥. محەممەد جەننەتی | ١٦. حەسەن جەننەتی | ١٧. عەلی بامداد | ١٨. یوونس پیرزادە | ١٩. عەلی ئازەرگووتە | ٢٠. کەریم ئەحمەدی | ٢١. ڕەحمان بنگینی | ٢٢. سەیید عەلائەدین حوسێنی | ٢٣. سوڵتان بەنایی | ٢٤. یووسف عابید | ٢٥. جەعفەر حەسەنزادە | ٢٦. جەعفەر عێسمەتی | ٢٧. یووسف محەممەدی | ٢٨. خۆشناو قازیزادە | ٢٩. موحسین عەلییە | ٣٠. فایەق کەریمی | ٣١. جەعفەر پاکزاد | ٣٢. ئەحمەد ئەمینی | ٣٣. جەعفەر مامڕەمەزانی

ئەم ئازیزانەی خوارەوەش لە هەمان سەردەمدا شەهید کراون:

١. عەلی تکمەچی | ٢. یوونس پیردۆخت | ٣. سەیید ئیبراهیم سەیید ئەحمەدی | ٤. نەسرین کاڵ | ٥. عوسمان بەتۆراک | ٦. عەلی سەلامی | ٧. مەعسوومە سەرهەنگی | ٨. ئەبوبەکر پەرتەوییان | ٩. خالید مەسماری | ١٠. حەبیب خاتەمی | ١١. عەلی غەوارە | ١٢. مەسعوود میرمەحموودی | ١٣. محەممەد مەسعوود زایرحەجازی | ١٤. سەیید ئەنوەر شوکری | ١٥. عەبدوڵڵا ئاهەنگەری

لە ساڵی ١٣٦٢دا زیاتر لە ٢٥٠ کەس لە مەهاباد لەسێدارە دراون. ڕۆژی ١٢ی جۆزەردان بووەتە هێمایەک بۆ یادکردنەوەی هەموو ئەو ئازیزانە. ئێمە وەک ستافی «دواڕۆژ» بە هاوکاریی زانیارییەکانی بەڕێز «وریا ماملێ» هەوڵمان داوە ئەم ناوانە کۆ بکەینەوە و داوا لە خوێنەرانیش دەکەین بۆ تەواوکردنی ئەم ئەرشیڤە یارمەتیمان بدەن.

خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان، تاوانبارانی ئەم جەنایەتە نە لەبیر دەکەن و نە دەشیبەخشن. یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ساڵی ١٣٦٢ بۆ هەتاهەتایە زیندوو و جێی ڕێزە. مردن و نەمان بۆ داگیرکەرانی کوردستان! بڕووخێ کۆماری ئیسلامی!

# ترامپ لە نێوان ڕەوت و دیاردەدا: ئاشتیی بازرگانی یان تەقینەوەی گەورە

**باران**

جیهانی ئەمڕۆ لەبەردەم وەرچەرخانێکی مێژوویی بێپێشینەدایە. لەو کاتەی کە دۆناڵد ترامپ دووبارە گەڕایەوە بۆ کۆشکی سپی، جیهان شاهیدی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی جدییە لەگەڵ مۆدێلێکی سیاسیی نوێ کە تێیدا بەها نێودەوڵەتییەکانی وەک دیموکراسی، مافی مرۆڤ و سەقامگیریی ناوچەیی، جێگەی خۆیان بۆ بەرژەوەندییە کاتییەکان و مامەڵەی بازرگانی چۆڵ دەکەن. بۆ تێگەیشتن لەو دڵەڕاوکێیەی کە ئێستا جیهان و بەتایبەتی ناوچەکەمان تووشی بووە، پێشتریش گوتم کە پێویستە ترامپ وەک دوو ڕەهەندی تەواوکەری یەکدی بخوێنینەوە: ترامپ وەک «ڕەوت» و ترامپ وەک «دیاردە».

ترامپ وەک دیاردە، ئەو کەسایەتییە کاریزماتیک و جەنجاڵەیە کە توانیویەتی بە زمانێکی سادە، ڕاشکاوانە و دژەباو، پیرۆزییەکانی دیپلۆماسیی کلاسیک تێک بشکێنێت. لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا بە تویتە کتوپڕەکان و شکاندنی نەریتی سیاسی، جیهانی لە دۆخی غافڵگیریی بەردەوامدا دەهێشت. بەڵام ئەم دیاردەیە تەنیا لەسەر ڕووی کەسی ناوقەتی نییە؛ لە ژێر ئەم بەرگەدا، ترامپ نوێنەرایەتیی ڕەوتێکی جیهانیی قووڵتر دەکات کە پۆپۆلیزمی ڕاسترەو و ناسیۆنالیزمی ئابوورییە. ئەم ڕەوتە تەنیا لە ئەمریکادا سنووردار نییە، بەڵکوو لە پارتە توندڕەوەکانی فەرەنسا، ئەڵمانیا و ئیتاڵیا، هەموویان یەک پەیامیان هەیە: کۆتایی بەجیهانیبوونی بێسنوور و گەڕانەوە بۆ ناو دیوارەکانی نیشتمان، پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی بە هەر نرخێک.

کاتێک ئەم دوو ڕەهەندە (دیاردە و ڕەوت) یەک دەگرن، جۆرێکی نوێ لە سیاسەت دروست دەبێت کە پێی دەگوترێت «سیاسەتی مامەڵە» (Transactional Politics). لەم مۆدێلەدا جیهان وەک بازاڕێکی گەورەی بازرگانی دەبینرێت. هیچ هاوپەیمانییەک پیرۆز نییە و هیچ دوژمنایەتییەکیش ئەبەدی نییە؛ هەموو شتێک بەپێی هاوکێشەی سادەی «قازانج و زیان» دەپێورێت. ترامپ بەبێ هیچ دەمامکێک قسە دەکات و دەڵێت: «ئەگەر پارەی پاراستن نەدەن، ناتۆ ناپارێزم». ئەم ڕاشکاوییە لە لایەکەوە وەک ڕاستگۆیی دەردەکەوێت، بەڵام لە لایەکی ترەوە مەترسییەکی گەورەی تێدایە، ئەویش گۆڕینی سیستەمی نێودەوڵەتییە بۆ دارستانێکی سیاسی کە تەنیا بەهێزەکان و بازرگانە گەورەکان مافی مانەوە و سەرکەوتنیان هەیە و بەهای مرۆیی و دادپەروەری تێدا لەناو دەچێت.

لە ناوچەکەی ئێمەدا، دۆخی کورد و ئێران باشترین نموونەی مەترسی و شکستی ئەم مۆدێلەن. بۆ ترامپ وەک بازرگانێکی سەرەکی، کورد تەنیا «کارتێکی کاتی»یە بۆ فشارخستنە سەر تورکیا یان ڕاگرتنی هێزەکانی ڕووسیا لە ناوچەکە. لەم چەند ڕۆژەی دواییدا، کاتێک باسی درێژکردنەوەی ئاگربەست لەگەڵ ئێران دەکرێت و گفتوگۆکان لەسەر کردنەوەی گەرووی هورمز، بەرنامە ئەتۆمییەکە و کەمکردنەوەی فشارە ئابوورییەکان بەردەوامن، ئاشکرایە کە کورد دەکرێت بە ئاسانی لە مامەڵەیەکی گەورەتردا قوربانی بکرێت. ئەمە نەک هەر شکستێکی ئەخلاقییە، بەڵکوو بۆمبێکی کاتییە بۆ ئاسایشی هەموو ناوچەکە، چونکە متمانەی نێودەوڵەتی لەناو دەبات و هێزە ناوخۆییەکان تووڕەتر دەکات.

لە لایەکی ترەوە، سیاسەتی شەڕی ئابووری دژ بە ئێران و هەوڵدان بۆ دابەزاندنی نرخی نەوت بۆ لاوازکردنی ڕووسیا، نیشانەی ئەوەن کە ترامپ بە «چەکی ئابووری» دەیەوێت ئەو ئامانجانە بەدەست بهێنێت کە لە ماوەی پێشوودا بە «چەکی سەربازی» دەهاتنە دی. لەم بارودۆخەی ئێستادا کە ئاگربەستێکی ناجێگیر لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا هەیە، فشارە ئابوورییەکان بۆ دابەزاندنی نرخەکانی نەوت و کردنەوەی بازاڕەکان بەردەوامن. بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە: ئایا برسیکردنی گەلان، گوشاری بێسنوور و مامەڵەی بازرگانی بەرەو ڕێککەوتنێکی درێژخایەنمان دەبات، یان تەنیا کات بۆ تەقینەوەیەکی ناوخۆیی و ناوچەیی گەورەتر دەکرێتەوە؟ مێژوو نیشانی داوە کە فشارە ئابوورییە توندەکان زۆرجار بەرەو تووڕەیی ناوخۆیی، ناڕەزایەتییەکی قووڵ و شەڕی نوێ دەچن.

ئەو بڕیارانەی ترامپ کە بە خێرایی دەگۆڕێن و ئەو فشارانەی کە لەم چەند ڕۆژەدا دروستی کردوون، لە کورتماوەدا وەک سەرکەوتن دەردەکەون، بەڵام لە ڕاستیدا جیهان تووشی «شێرپەنجەی متمانە» دەکەن. جیهانێک کە لەسەر بنەمای هەلپەرستی و بازرگانیی سیاسی بەڕێوە بچێت، ناتوانێت سەقامگیریی درێژخایەن دابین بکات. ئاشتی بەبێ دادپەروەری هەر ئاگربەستێکی کاتییە، نەک ئاشتیی بەردەوام.

مۆدێلی ترامپ وەک دەرمانێکی ئازارشکێن وایە بۆ نەخۆشییەکی کوشندە؛ ڕەنگە بۆ ماوەیەک ئازارەکە بوەستێنێت، بەڵام نەخۆشییەکە لە ناوەوە خەریکە گەورەتر و مەترسیدارتر دەبێت. جیهانی داهاتوو پێویستی بە دیپلۆماسیی بەهاکان هەیە، نەک تەنیا دیپلۆماسیی ژمارەکان و مامەڵەی بازرگانی.

# کوردستان لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەخت؛ پاراستنی زمان و ناسنامە تەنیا سەنگەرە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکەر


**رامیار سەرحەدی**

مێژووی ململانێی گەلان ئەو ڕاستییەی چەسپاندووە کە داگیرکاریی سەربازی و دەستبەسەرداگرتنی جوگرافیا، ڕواڵەتی دەرەوەی پرۆسەیەکی مەترسیدارترن. قووڵایی داگیرکاری کاتێک دەست پێ دەکات کە سیستەمی فیکری، فەرهەنگی و زمانیی نەتەوەیەک دەکرێتە ئامانج. ئێستا کوردستان لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی یەکجار چارەنووسسازدایە. لێرەدا ئەرکی پاراستنی خاک لە سنوورەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناو کایەی زمان و وشەکان. قەڵای ڕاستەقینەی هەر گەلێک لەناو پەیوەستبوونی فیکری و خۆبەستنەوەیەتی بە خاک و مێژووی خۆیەوە دروست دەبێت. فەرامۆشکردنی زمانی دایکی و توانەوە لەناو فەرهەنگی بێگانەدا، وەک ڕادەستکردنی کلیلەکانی داهاتوو بە نەیارەکان وایە.

داگیرکەر لە هەموو قۆناغەکاندا تێگەیشتووە کە بۆ سڕینەوەی نەتەوەیەک، دەبێت متمانەی تاکی ئەو نەتەوەیە بە زمان و مێژووی خۆی تێک بشکێنێت. چاندنی هەستی خۆکەمزانی و بە لاواز پیشاندانی کلتووری ڕەسەن، ستراتیژێکی کۆنی داگیرکارییە. زمان تەنیا ئامرازێکی ساکاری ئاخاوتن نییە، قەڵغانێکی بەهێزی پاراستنی ناسنامەیە. کاتێک وشەیەکی ڕەسەن لەناو دەچێت، درزێکی گەورە لە دیواری بەرگریی نەتەوەییدا دروست دەبێت. پاراستنی زمان ئەرکێکی ئەخلاقی و نەتەوەییە کە لەسەر شانی هەموو تاکێکە. پاشەکشەی زمانی دەبێتە پێشەکەیەک بۆ پاشەکشەی سیاسی و کۆمەڵایەتیش. ئەو کەسەی لە ژێر کاریگەریی فیکریی داگیرکەردا دەنووسێت و بیر دەکاتەوە، لە کۆتاییدا هەر بە چاوی ئەوانیش سەیری بەرژەوەندییەکانی خاکەکەی دەکات.

لە سەردەمی بەجیهانیبوون، پاراستنی تایبەتمەندییە کلتوورییەکان ڕێگەی سەرەکیی مانەوەیە. سەنگەری ڕاستەقینەی ئێمە ناوەندەکانی خوێندن، کتێبخانەکان و ئەو کۆڕانەن کە زمانی کوردی تێیاندا وەک زمانێکی مۆدێرن و زیندوو بەکاردێت. هەر نووسینێک بە ڕێنووسێکی پاراو و فکرێکی کوردییانە، بەربەستێکە لەبەر دەم پاکتاوی کلتووری. پێویستە زمانەکەمان ببێتە زمانی زانست، فەلسەفە و دیپلۆماسی. ڕێگە نادەین زمانەکەمان تەنیا لە چوارچێوەی لۆکاڵی و فۆلکلۆریدا قەتیس بێت. گەشەپێدانی زمانەکەمان و دەوڵەمەندکردنی بە زاراوە مۆدێرنەکان، باشترین وەڵامە بۆ هەوڵەکانی سڕینەوە.

ناسنامەی هەر گەلێک وەک جەستەیەکی زیندوو وایە و زمان دەمارە سەرەکییەکانی پێک دەهێنێت. وشکبوونی ئەم دەمارانە دەبێتە هۆی لەدەستدانی ئیرادە و هێزی بەرگری. ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکاری تەنیا لە مەیدانی شەڕدا نییە، بگرە لەناو هەموو ئەو دێڕانەدایە کە بۆ نەوەکانی داهاتوو دەمێننەوە. هەر وشەیەکی ڕەسەن کە بە منداڵەکانمان دەسپێردرێت، وەک چەکێکی کاریگەر وایە. ئەمە ئەو سەنگەرە ستراتیژییەیە کە هیچ مووشەک و تانکێکی پێشکەوتوو ناتوانێت بیڕوخێنێت. تەنیا داڕمانی ناوەکی دەتوانێت نەتەوەیەک بەرەو لەناوچوون ببات. پاراستنی ڕەسەنایەتی، زامنی سەرەکیی مانەوەی ئێمەیە لەناو ئەم ململانێ توندەدا.



DwaRoj

سەرنووسەر:
عەزیز ئاجیکەند
هەڵەچن:
سۆران محەمەدی

Dwaroj@komala.com

بۆ خوێندنەوەی دوارۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت
سەردانی **www.komala.com** بکەن
پەیوەندی **dwaroj.net**

# سەفەرێک بۆ لای ئەویندارانی شۆڕش لە چیا بەرزەکانی بۆتێ

لە ئێوارەیەکی هێمن و هەوایەکی سافی بەهاریدا، گەواڵە هەوری ئەرخەوانیی خاڵخاڵ سوور و سپی، هێور هێور بەسەر شاخ و دۆڵەکاندا تێدەپەڕین. پە لکی دارەکان تازە لق و پۆیان خوێنی شینی بەهاری تێدەگەڕا و چڕ و چڵیان ئاڵەسەوز دەبوون. ئەویندارانی باخی ژین، تازە خەریک بوون گوڵ و شکۆفەی دڵیان بۆ باڵداری سرک و نەسرەوتی خۆشەویستی دەکردەوە. ئێوارە بوو، کیژی خۆرەتاو تازە بە تازە خەریک بوو پرچە خاوەکانی لەبەردەم ئاوێنەی چەمدا شانە بکات. بولبولێکی عاشق و مەست لە سوێی گوڵی پاوان، تازە بە تازە خەریک بوو گەرووی بۆ چریکەیەکی ئاگرین و سیحراویی نوێ ئامادە بکات...

چرکەی زەمان زەنگی ڕۆژی ٢٥ی گوڵانی ١٩٨٨ی بە گوێی هەموو زیندەوەرانی دۆڵی بۆتێ گەیاندبوو. ئێوارە بوو، لەپڕ هەموو نازی بەهار و سەوزایی باخ و ژوان و دڵداریی گوڵان و چریکەی بولبولان و سۆزی ئاشقانی ئازادی تێکەڵ بوو و شێوا... لەپڕ ئاسمان تاریک داهات. شاخ پارچەپارچە بەسەر دۆڵ و چەم و دارەکاندا ڕووخا. شریخەی فڕۆکە شەڕکەرەکان، گرمە و گەردەلوولی ناپاڵم و پژانی تۆزی سیانوور و خەردەل و سارین ئەم ناوەیان تارومار کرد و هەموو شتێک لەبەریەک ترازا.

٣٣ ساڵ لەمەوبەر و لە ئێوارەی ڕۆژی ٢٥ی گوڵانی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی، چەند فڕۆکەیەکی بۆمبهاوێژی ڕژێمی بەعسی عێراق لە ئاسمانی ئۆردوگای «بۆتێ» دەرکەوتن و لە کردەوەیەکی جەنایەتکارانەدا، «بۆتێ»یان بە چەکی کیمیایی بۆردومان کرد. بەم جۆرە کارەساتێکی دڵتەزێن خوڵقا کە خەمێکی یەکجار قورسی خستە سەر دڵی هەموو هاوڕێیانی کۆمەڵە، خەڵکی کوردستان و هەموو مرۆڤدۆستانی ناوچەکە لە دۆڵی بالیسانی کوردستانی عێراق. ئەو کات هاوڕێیانی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە بنکە و بارەگاکانی خۆیان، چاوەڕێی هاتنی گوڵ و سەوزەڵانی و شنەی بای بەهاریان دەکرد، لە کاتێکدا ناوچەی جوان و سەرسەوزی بالیسان و دۆڵی بۆتێ بەگی ڕەنگاوڕەنگی لەبەر کردبوو. لە ئاوا ڕۆژێکدا، ڕق و قینی ئەژدیهای حکومەتی بەعس بۆ لەناوبردنی بەهار و شادی، ئاسمانی شینی بۆتێی بۆ هەمیشە ژاراوی کرد، گوڵاڵە سوورەکانی دۆڵەکەی ژاکاند و باڵندەکانی لە خوێندن لاڵ کرد؛ غەم و پەژارەی بۆ هەمیشە لە دڵان بەند کرد و دایکە جگەرسووتاوەکانی شۆڕشی کوردستانی ڕەشپۆش کرد. دەسەڵاتدارانی شەڕخواز لە بەغدا، لە هیچ کوێیەک خوێن تێری نەکردبوون. ئەژدیهای خوێنمژی بەعس ئەمجارە بە ڕشتنی ژەهری ئینسانکوژی خۆی، بەدوای خولقاندنی کارەساتی دڵتەزێنی هەڵەبجە و گوردانی شوان، ڕووی لە بەرەیەکی تری هاوڕێیانی کۆمەڵە کرد و گیانی ٢٣ کەس لە هەرە خۆشەویستانی ناو ڕیزەکانی کۆمەڵەی ئەستاند. هەر ئەو ڕۆژە لەو بۆردومانەدا، ١٥٠ هاوڕێی دیکەشمان بریندار و ژاراوی بوون کە بە هاوکاریی کەم وێنەی خەڵکی ئەو ناوچەیە دواجار لە مەرگ ڕزگاریان بوو.

لە کاتێکدا کە هێشتا دوو مانگ بەسەر کارەساتی دڵتەزێنی گوردانی شواندا تێنەپەڕیبوو، کاتێک هێشتا برینی قورسی بۆمبارانی کیمیایی ڕژێمی بەعس بۆ سەر ناوچەی شارەزوور و هەڵەبجە ژانی نەشکابوو، لە کاتێکدا خەڵکی کوردستانی عێراق کەوتبوونە بەر شاڵاوی ئەنفالچییە بەدناوەکان، لە کاتێکدا ڕژێمی بەعس قەڵادزێی تەخت کردبوو و پێنج هەزار گوندی کوردستان کاول کرابوون، لە وەها سەردەمێکی ژاناویدا بوو کە مەقەڕی ناوەندی کۆمەڵە لە دۆڵی بۆتێ کەوتە بەر پەلاماری بۆمبی کیمیایی. ئەوە دووهەمین جار بوو کە فڕۆکەکانی ڕژێم هێرشیان دەکردە سەر مەقەڕەکانی کۆمەڵە لە بۆتێ. پێشتریش چەندین جار مەقەڕەکانی کۆمەڵە لە نزیک ئاوایی «مالوومە» لە دۆڵی جافایەتی کەوتبوونە بەر هێرشی هەوایی و تۆپخانە. هەروەها لە ١٢ی خاکەلێوەی هەمان ساڵدا، چوار هاوڕێی تێکۆشەری ترمان (ڕەحمان فەرشگەر، بێهزاد فەدەوی، ڕەزا یەسڕەبی و عەزیز ئەسکەندەری - ناسراو بە شەهید خەنجەر) بوونە قوربانیی پیلانە قیزەونەکانی بەغدا. ڕژێمی عێراق وای دەزانی بەو گوشارانە دەتوانێت کۆمەڵە بەچۆکدا بهێنێت و دەستی لە هاوکاریکردنی خەباتی ڕەوای خەڵکی کوردستانی عێراق هەڵبگرێت. بەڵام کۆمەڵە خۆی بە پشتیوان و دڵسۆزی ئەو خەباتە دەزانی. هەر لەناو ئەو ٢٣ هاوڕێیەدا، تێکۆشەری کوردستانی عێراق هەبوون کە لەژێر ئاڵای سووری کۆمەڵەدا خەباتیان دەکرد.

کاتێک کارەساتی بۆتێ ڕوویدا، خەڵکی شاری ڕانیە و ناوچەکە بە هەموو تواناوە بە هانای کۆمەڵەوە هاتن و شانۆیەکی شکۆداریان لە هاوپشتی نیشان دا. زۆربەی پزیشک و دەرمانخانەکانی سلێمانیش، سەرەڕای هەڕەشەکانی بەعس، بە نهێنی کەرەستەی پێویستیان بۆ دەرمانکردنی بریندارەکان دابین کرد.

لە ٣٣یەمین ساڵیادی ئەم ئازیزانەدا، هەزاران درووود بۆ فیداکارییان دەنێرین. گەورەترین ڕێزگرتن لێیان، درێژەدانە بە ڕێگای پڕ لە شانازییان تا بەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانیان.

هاوڕێیانی گیانبەختکردووی دۆڵی بۆتێ:

١. ئیسماعیل مستەفازادە | ٢. ئەحمەد محەممەدی | ٣. بایەزید بەیاز | ٤. پەرویز تاجەوانچی | ٥. حوسێن سیگاری | ٦. سەعید محەممەدی | ٧. جەلال پێنجوێنی | ٨. فریشتە ڕەزایی (زۆهرە) | ٩. عەبدوڵڵا هۆشیاریان | ١٠. عەلی حوسێن محەممەدی (تەهموورس) | ١١. فەرەنگیس شاهۆیی | ١٢. ناسیح مەردووخ | ١٣. کەریم عەبدوڵڵاپوور | ١٤. کەریم جەننەتی | ١٥. مەریەم مەجنوون (سەعادەت) | ١٦. کەمال ڕەزانیژاد | ١٧. کەیومەرس مەهاجیر (جەبار) | ١٨. مەنووچێهر مەحمودیان (مورتەزا) | ١٩. محەممەد ڕەسوولی (حەمە بازوکا) | ٢٠. نادر قازیزادە (ئازاد) | ٢١. محەممەد عومەر عەلی (حەمەی ئاجیکەند) | ٢٢. وەفا تووتونچی | ٢٣. حامید مودەڕەسی (حامیدە سوور)

ئەم خۆشەویستانە پێشڕەوانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی بوون کە لە دژی ڕژێمی زاڵمانە و بۆ مافی ئینسان ڕاپەڕیبوون. ناوی ئەوان لە مێژووی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا وەک بوێری و خەباتکاری دەمێنێتەوە. یادی هەموو گیانبەختکردووانی ڕێگای سۆسیالیزم بەرز ڕادەگرین و سڵاو بۆ بنەماڵە سەربەرزەکانیان دەنێرین.

یادی ئازیزیان بەرز و بەڕێز بێت...

## دواستوون

### ئەو دڵەی لە کرماشان جێما؛ شەهیدبوونی دوو برا، برینێکی قووڵ لە دڵی نیشتماندا

مێژووی ئەم خاکە پڕە لەو چیرۆکانەی کە تێیدا گەنجان پێش ئەوەی تەمەنیان بگاتە لووتکەی بەخشین، دەبنە قوربانیی تیرۆری فکر و ناسنامە. کاتێک سەیری ڕاپۆرتی دەنگوباسەکان دەکەیت، ڕەنگە غەدرێکی گەورە ببینی؛ کاتێکیش لاپەڕەکان هەڵدەدەیتەوە و دەستنووسە بەجێماوەکانی موجتەبا دەخوێنیتەوە، ڕوخسارە ڕاستەقینەکەی ئەم خەباتە فەرهەنگییە دەردەکەوێت. سەرلەبەیانیی پێنجشەممە ٧ی جۆزەردانی ١٤٠٥، هێزەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بە هێرشێکی دڕندانە بۆ سەر ماڵێک لە گوندی دالاهۆ، دوو برای کوردی یارسان بە ناوەکانی موجتەبا وەییسی و مەیسەم وەییسییان دایە بەر دەستڕێژی گوللە و گیانیان لێ سەندن. ئەم دوو گەنجە تێگەیشتوو و ئاشتیخوازە، کە لە دوای بەشداریکردنیان لە ناڕەزایەتییەکانی بەفرانباری ١٤٠١ و بۆ پاراستنی گیانی خۆیان خۆیان حەشار دابوو، دواجار لە شوێنێکی دوورەدەست و بێدەنگیشدا لە دەستی ئەم دەسەڵاتە دڕندەیە ڕزگاریان نەبوو؛ مێژوویەک لە خوێن و لاپەڕە لێرەوە سەرچاوە دەگرێت، کاتێک پێنووس، کتێب و مۆسیقا دەبنە ئامانجی سەرەکیی داگیرکەر.

موجتەبا و مەیسەم دوو ڕۆڵەی دڵسۆزی نیشتمانن کە نموونەیەکی زیندووی ئەو لاوانە بوون کە هەم لە مەیدانی فەرهەنگ و هەم لە مەیدانی وەرزشدا خزمەتیان بە کۆمەڵگا دەکرد. ئەوان دامەزرێنەری کتێبخانەی منداڵان لە شارۆچکەی دەرەدرێژ (مەهدیە) بوون، بەردەوام خەریکی بەخشینی کتێب و وشیارکردنەوەی نەوەی نوێ بوون. مەیسەم وەیسی وەرزشوانێکی بەناوبانگ بوو، خاوەنی چەندین مەدالیا و ناسناوی بەرز لە مەیدانی وەرزش؛ موجتەباش هاوشانی ئەو لە بواری مۆسیقا، ژەنینی تەمبوور و پاراستنی کلتووری کوردی و ئایینی یارسانیشدا چالاک بوو. موجتەبا لە دەستنووسەکەیدا بۆ منداڵانی کتێبخانەکەی کرماشان، ناخی میهرەبانیی خۆی دەردەخات؛ ئەو لەو کاتانەی لە ترسی دەستگیرکردن ڕاوی دەنێن، باڵی حەزەکانی بەرەو ژووری بچووکی کتێبخانەکان دەفڕن و بە ناوی یەکە یەکەی منداڵەکاندا دەچێتەوە، پرسیاری خوێندن و ژیانیان دەکات. ئەمە نیشانمان دەدات کە چەک لە دەستی گەنجی کورددا، هەمیشە ئامرازێکی ناچاری بووە بۆ بەرگریکردن لەو زمان و کتێبخانەیەی دەیانەوێت بێدەنگی بکەن. ئەو لە دوایین پەیامیدا وەک مامۆستایەکی دڵسۆز هاوار دەکات: «متمانەم پێتانە کە هەرگیز کۆڵ نەدەن لەپێناو مرۆڤایەتی، ناسنامە و خزمەت بە دار و بەردی نیشتمانەکەتان.»

ئەم ڕووداوە غەدرلێکراوانەیە، برینێکی قووڵتر لە دڵی کۆمەڵگادا دەکاتەوە و پرسیارێکی جدی و نیگەرانکەر دەربارەی داهاتووی نەوەی نوێی ئەم نیشتمانە دەورووژێنێت. کاتێک لە وڵاتێکدا مۆسیقا، کتێببەخشین و خۆشەویستی بۆ زمانی دایک وەک تاوان سەیر بکرێت، دۆخی دەروونی و چارەنووسی گەنجانی تێگەیشتوو بەرەو چ ئاقارێک دەچێت؟ ئەمە کوشتنی دوو جەستە نییە، هەوڵێکە بۆ تۆقاندنی نەوەیەک کە دەیەوێت بە وشیارییەوە سەیری ناسنامەی خۆی بکات. ئەو دڵەڕاوکێیەی ئەمڕۆ باڵی کێشاوە بەسەر ناوەندە کلتووری و ئەدەبییەکاندا، لەو ترسەوە سەرچاوە دەگرێت کە نەکا دەرگای کتێبخانەکان و دەنگی ساز و مۆسیقا بە تەواوی کپ بکرێن. گەنجی کورد کاتێک دەبینێت خەڵاتەکەی بۆ منداڵانی شارەکەی دەبێتە بەڵگەی تاوان و ژیانی لە گوندێکی دوورەدەستیشدا پارێزراو نییە، تووشی بێهیواییەکی قووڵ دەبێت بەرامبەر بە پاشەڕۆژ. ئەم قەتڵە بەردەوامبوونی هەمان سیاسەتی سەرکوت و تیرۆرە کە ڕژێم بەرامبەر بە هەموو دەنگێکی ئاشتیخواز و فەرهەنگی بەکاری دەهێنێت.

ڕۆژنامەوانیی ڕاستەقینە ناتوانێت بینەری بێدەنگی بێت کاتێک مرۆڤایەتی و کلتوور دەکرێنە ئامانج. خوێندنەوەی دوایین دەستنووسی موجتەبا بۆ منداڵانی کرماشان نیشان دەدات کە هێزی سەربازی هەرگیز ناتوانێت بنەمای فکرێک لەناو ببات کە لەسەر بنەمای زانست و مرۆڤایەتی ئاوا بووە. مێژوو پێمان دەڵێت کە فیشەک هەرگیز نەیتوانیوە فکر بکوژێت؛ ناوی مەیسەم و موجتەبا وەییسی لەمەودوا دەبێتە بەشێک لە میراتی خەبات و کلتووریی گەلی کورد. ئەوان بە مردنیان زیندوو بوون، چونکە دەنگیان، بیرۆکەکانیان و خەونەکانیان بۆ منداڵان و نەوەی داهاتوو جێگیر دەمێننەوە. ئەرکی ئەمڕۆی ڕۆشنبیران، کلتووردۆستان و میدیاکانە کە ڕێگە نەدەن ئەم بێهیواییە گەنجانی نیشتمان سارد بکاتەوە. پاراستنی میراتی ئەو دوو برایە، بە زیندووڕاگرتنی ئەو کتێبخانانە، بڵاوکردنەوەی مۆسیقا و پاراستنی کلتووری یارسانە، تا نەوەی داهاتوو لەناو ئەم تەمومژ و نیگەرانییەدا، ڕێگەی ڕاستەقینەی خۆی ون نەکات.

ئێمە وەک گۆڤاری دوارۆژ، پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێز، خەڵکی کرماشان و ناوچەی دالاهۆ دەکەین. ناو و یادی مەیسەم و موجتەبا وەییسی بەرز و نەمر بێت.